

# شازادە خاتوون

# و

# کیژۆڵەی دارستان

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**
**کتێبی سەردەم ژمارە (٧٠٧)**

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
**ئازاد بەرزنجی**

**www.sardem.org**

شانۆنامە بۆ منالأن

# شازادە خاتوون
# و
# کیژۆڵەی دارستان

- لە دەقێکی (س. مارشاك)ە وە-

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

سلێمانی ٢٠١٤

ناوی کتێب: شازادە خاتوون و کیژۆڵەی دارستان

ئامادەکردن و وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

بابەت: شانۆنامە

دیزاینی ناوەوە: ڕەوشت محەمەد

دیزاینی بەرگ: ئارام عەلی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ١٥٠٠ دینار

چاپی دووەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی ٢٠١٤

کوردستان ـ سلێمانی

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٢٣٣)ی ساڵی ٢٠١٤ پێ دراوە**

**مافی لە چاپدانەوەی بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە©**

# بەشی یەکەم

## دیمەنی -١-

(دارستانە، بەفر درەختەکانی داپۆشیوە. دونیا ئارامە، جگە لە دەنگــی هەنــدێ باڵنــدە هیچــی دی نــایەتە گــوێ. لە نێــو درەختەکانەوە گورگێک پەیدا دەبێت. قەلەڕەشی پیریش لەسەر لقــی دارکاژێــک هەڵنیــشتووە. ســمۆرەش لە بەینــی دوو لقــدا وەستاوە).

**گورگ**: ئۆو.. کە سەیری دەوروبەرت ئەکەی ئەڵێی کەس لەم دارســتانەدا نیــیە... ئەڵێــی چــۆڵی قــوڵفەیە، بەڵام نــا. مــن بەمە هەڵناخەڵەتێم.. دڵنیام کەروێشکە کێویلە هەر لێرەیە. سمۆرەش لە کــونەکەی خۆیــدایەتی و قەلەڕەشــی پیــریش لەســەر لقێــک هەڵنیشتووە و کەوەکانیش سەریان بە بەفردا کردووە...

ئۆو... چەند بەلەزەتە هەموویان بە جارێک بخۆم!

**قەلەڕەش**: قــاغ... قــاغ.. ئەی درۆزنــی فــشەکەر... تــۆ ناتوانیــت هەموومان بخۆیت.

**گورگ**: بەو دەنــگە ناخۆشــەت بەس بخــوێنە. مــن وا لە برســا خەریکم وشک ئەبمەوە و کەوتوومەتە دانەچۆقە.

**قەلەڕەش**: قاغ... قاغ... ڕێی خۆت بگرە بەر و بڕۆ. بەتەمای ئەوە مەبە لێرە هیچت دەستبکەوێ. من قەلەڕەشێکی چاوتیژم... لێرەوە تا دووریی پێنج فرسەخ ئەبینم..

**گورگ**: بە منیش ئەڵێ فشەکەر.. دە فەرموو ئەگەر ڕاست ئەکەی پێم بڵێ چی دەبینیت؟

**قەلەڕەش**: قاغ... قاغ... سەربازێک ئەبینم وا خەریکە بەرەو ئێرە دێ. گورگێکی تۆپیویشی داوە بە کۆڵیدا. ئیتر ئەگەر ئەجەلیشت هاتووە چاوەڕێ کە تا ئەگاتە ئێرە.

(گورگەکە ئەڕوات)

چییە ئەوە بۆ ڕات کرد؟

**گورگ**: تاقەتی ئەم قسە ناخۆشانەی تۆم نییە، ئەچم بۆ شوێنێک قەلەڕەشی تیا نەبێت. (ڕادەکات)

قەلەڕەش: قاغ... قاغ... دەک ڕۆحت چێ... تەماشا چۆن ڕادەکات. بەخوا چاک ترساندم. نازانێ ئەو سەربازە بۆ ئەو نەهاتووە. دێت تا ئەو دارەی بە دوای خۆیدا ڕایدەکێشێت بیبات بۆ جەژنی سەری ساڵ.. بەخوا سەرمایەکی زۆرە.. قسەی خۆمان بێ منیش پیربووم، چاکتر وایە تۆزێک باڵەکانم بجووڵێنم تا گەرمم بێتەوە.

(قەلەڕەش لە چاو ون دەبێت. کەروێشک پەیدا دەبێت و سمۆرەیەکی تریش دەچێتە لای سمۆرەی یەکەمەوە)..

**کەروێشک**: (دەستەکانی لە یەک ئەخشێنێت) بڕڕڕڕ.. سەرماکەی ئێسقان ئەبڕێ.. هەر باشە نەبووین بە زوقم.. سمۆرەکان وەرنە خوارێ با یاری بکەین.

**سمۆره:** باشه.

**هەموویان:** ئاگرەکە، گەشە بسێنە

نەمر بە و بۆمان بمێنە

**سمۆره**(١): کەروێشک ئەتوانیت بمگریت؟

**سمۆره**(٢): قەت ناتوانیٚ من بگریٚ.

(ڕاکەڕاکیـــانە. کەروێـــشک بە دوایانـــدا ڕائەکـــا. لەم کـــاتەدا کیـــژۆڵەیەک دێـــت. عەرەبـــانەیەکی دەســـتیی پێـــیە، ڕەفتەیەکـــی بەستووە چاکەتێکی کۆنی لەبەردایە، پێڵاوەکانیشی هەر کۆنن... دەستکێشی لە دەستدایە. تەورێکی بچووکی بە کەمەرەوەیە. لە نێـــوان دوو درەختـــدا وەســـتاوە و ســـەیری کەروێـــشک و سمۆرەکان ئەکا کە یاری ئەکەن، بەڵام ئەمان ئاگایان لەو نییە).

**کەروێشک:** ئەچن بۆ کویٚ؟ ئەگەر بە درەختەکاندا هەڵگژێن ئیتر من یاریتان لەگەڵدا ناکەم.

**سمۆره**(١): تۆش سەرکەوە و دوامان بکەوە.

**سمۆره**(٢): ڕاست ئەکا تۆش بە درەختەکاندا هەڵگژیٚ.

**سمۆره**(١): کلکت لوول بکە و سەرکەوە.

**کەروێشک:** (هەوڵئەدا سـەرکەویٚ، بەڵام نـاتوانیٚ)... کـاکە گیـان کلکی مـن کـورتە، بە کەڵکی ئەوە نـایە بەسـەر داردا سـەرکەوم، من کلک کوڵم، کلک کوڵ.

(ســـمۆرەکان پێـــدەکەنن، کیـــژۆڵەکەش پێـــدەکەنێت. ئینجـــا کەروێـــشکەکە و ســـمۆرەکان ئەزانـــن کەســـێک لەو نـــاوەیە و یەکسەر لە چاو ون ئەبن)

**کیژۆڵە:** (پێئەکەنێت) هاهاها... بەخوا سەیرە ئەمە یەکەمجارە شتی وا ئەبینم. کەروێشک بە دەمی خۆی ئەڵێ من کلک کۆڵم.. ئەگەر خۆم گوێم لەم قسەیە نەبوایە قەت بڕوام نەئەکرد. ها ها ها....

(سەربازێکی پیر دێ، عەرەبانەیەکی دەستی ڕائەکێشێ، تەورێکی گەورە بە کەمەریەوەیەتی، سمێڵی بابڕە.. تەمەنی هەیە)

سەرباز: سڵاو ئەی کیژۆڵەی جوان! چییە وا دڵت خۆشە و پێئەکەنیت؟! ئەڵێی کوپەڵە زێڕت دۆزیوەتەوە!

(کیژۆڵە هەر پێئەکەنێت)

**سەرباز:** چی بووە پێم بڵێ.. با منیش تۆزێک پێبکەنم.

**کیژۆڵە:** ئاخر ڕەنگە بڕوا نەکەی.

**سەرباز:** کابرایەکی دنیادیدەی وەکو من و لەم عومرەدا شتی زۆر سەیر و سەمەرەم دیوە و بڕواشم پێ کردوون، بەڵام مەگەر شتەکەی تۆ ئەقڵا نەیبڕێ..

**کیژۆڵە:** ئا لێرەدا و کەمێک لەمەوبەر، کەروێشک و دوو سمۆرە یاریی ڕاوڕاوێنیان ئەکرد.

**سەرباز:** بە ڕاستتە؟

**کیژۆڵە:** بەخوا.. ئەتوت منداڵن یاری ئەکەن. ئینجا سمۆرەکان بە کەروێشکەکەیان دەوت وەرە بەسەر دارەکاندا سەرکەوە و دوامان بکەوە، کەروێشکەکەش ئەیوت ئاخر من کلکم کوڵە.. ئیتر چۆن پێنەکەنم؟

**سەرباز:** یەعنی وەکو بنیادەم قسەیان ئەکرد؟

**کیژۆڵە:** بەڵێ.

**سەربان**: کچم ئەوە تۆ ئەڵێی چی؟!

**کیژۆڵە**: نەموت بڕوا ناکەی.

**سەربان**: ئەمڕۆ ڕۆژێکە کە نابێت بڕوات پێبکەم، چونکە دوا ڕۆژی ساڵە و باووباپیرانیشمان وتویانە لە دوا ڕۆژی ساڵ و یەکەمین شەوی ساڵی تازەدا شتی سەیر و سەمەرە ڕووئەدات. لەبەر ئەوە هێشتا شتی سەیرتر ماوە ببینیت.

**کیژۆڵە**: شتی سەیرتری وەکو چی؟

**سەربان**: بۆ نموونە باپیرەم کاتی خۆی بۆی گێڕاومەتەوە کە باپیرەی جارێکیان لە شەوی سەری ساڵدا هەر دوانزە مانگەکەی ساڵی پێکەوە بینیوە..

**کیژۆڵە**: بە ڕاست؟!

**سەربان**: بەڵێ کچم. هەر چوار وەرزەکەی ساڵی لە یەک شوێندا بینیوە. بەهار و هاوین،زستان و پاییز. ئەمە شتێک بوو کە هەرگیز لە بیری نەدەچووەوە. بۆیە دایم دەماودەم بۆ ئێمەشیان گێڕاوەتەوە.

**کیژۆڵە**: بە ڕاستی سەیرە... ئەو چوار وەرزە فەرقیان زۆرە، چۆن لە یەک کاتدا پێکەوە دێن؟

**سەربان**: کچم ئیتر وایان بە ئێمە وتووە. تۆ واز لەوە بێنە، پێم بڵێ بەم سەرمایە چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟ وا من مەئمورم و فەرمانم بەسەردا دراوە بێمە دەرەوە، بەڵام خۆ تۆ وا نییت.

**کیژۆڵە**: منیش بە ئارەزووی خۆم نەهاتووم.

**سەربان**: بۆ،خۆ کارەکەری ماڵان نییت؟

**کیژۆڵە**: نەخێر، لە ماڵی خۆمانم.

**سەرباز:** باشە کەواتە چۆن دایکت هێشتوویەتی بێیتە دەرێ؟

**کیژۆڵە:** ئاخر دایکی خۆم نییە، باوەژنمە. ئەو ناردوومی تا چیلکەوچەواڵی بۆ کۆبکەمەوە.

**سەرباز:** ئاوەها! کەواتە تۆ دایکت نەماوە بۆیە وا جلوبەرگەکەشت کۆن و کون کونە.. ئەی باشە سەرمات نییە؟

**کیژۆڵە:** سەرمامە، بەڵام چی بکەم؟

**سەرباز:** دەی، منیش یارمەتیت ئەدەم و چیلکەوچەواڵت لەگەڵ کۆئەکەمەوە، تا زوو بڕۆیتەوە.

(سەرگەرمی کۆکردنەوەی چیلکەوچەواڵ ئەبن و ئەیخەنە ناو عەرەبانەی کچەکەوە)

**کیژۆڵە:** ئەی تۆ بۆچی هاتوویت؟

**سەرباز:** من ئەبێ جوانترین دارکاژی دارستانەکە ببڕمەوە و بیبەمەوە.

**کیژۆڵە:** بۆ کێ؟

**سەرباز:** ئەی نازانیت؟ ئەیبەم بۆ شازادە خاتوون، سبەینێ کۆشکەکە پڕ ئەبێت لە میوان و پێویستە بۆ ئەو ئاهەنگە دارکاژێکی جوانمان هەبێت.

**کیژۆڵە:** کەواتە بەرزترین و سەوزترین دارکاژی دارستانەکە ئەبڕیتەوە؟

**سەرباز:** نە.. نەخێر... شازادە خاتوون حەز ناکات شتێک ببینێت کە لە تەخت و دەربارەکەی بەرزتربێت. ئەو حەزی لە دارکاژێکی بچووک و جوانە.

**کیژۆڵە:** ئەتانەوێ چی بەم دارەدا هەڵواسن؟

**سەرباز:** یاریی منالان و کولیچە و شتی تری لەم بابەتانە. جیاوازییەکەش لەوەدایە کە خەڵکی ئەم شتانە لە کاغەز دروست ئەکەن و بە درەختەکەیدا هەڵئەواسن، بەڵام ئێمە بە ئاڵتوون و ئەڵماسی ڕاستەقینەی پیا هەڵئەواسین، خەڵک بووکەشووشە و کەروێشک لە قوماشی هەرزانبەها دروست ئەکەن و پیاهەڵی ئەواسن، بەڵام ئێمە لە ئاوریشم دروستی ئەکەین.

کیژۆڵە: بۆچی تا ئێستاش شازادە خاتوون یاری بە بووکەشووشە ئەکا؟

**سەرباز:** ئەی بۆ نا؟ خاتوون هەر ئەوەندەی تۆ دەبێت.

**کیژۆڵە:** بەڵام من دەمێکە یاری بە بووکەشووشە ناکەم.

**سەرباز:** ئاخر تۆ تووشی چەرمەسەری بوویت، بەڵام ئەو تووش نەبووە و هیچ ئیشوکاێکیشی نییە. کەسێکیش نییە ئامۆژگاریی بکات. لەوەتەی شا و شاژن کۆچی دواییان کردووە ئەو حوکمڕانیی وڵات ئەکات.

**کیژۆڵە:** بۆ ناڵێی شازادە خاتوونیش وەکو من هەتیوە.

**سەرباز:** دیارە وایە.

**کیژۆڵە:** خەڵک دڵیان پێی ئەسووتێ؟

**سەرباز:** کەس دڵی پێی ناسووتێ. کەسێ نییە شتی باشی فێرکا. دەی وا عەرەبانەکەت پڕ بوو. ئەوە بەشی هەفتەیەکتان ئەکات. منیش ئەبێت بچم بە لای کاری خۆمەوە. ئەگەر دارکاژێکی جوان پەیدانەکەم ملم ئەپەڕێنن. شازادە خاتوون کە شتێکی وت ئیتر ئەبێ قسەی خۆی بێت.

کیژۆڵە: لە باوەژن و زڕخوشکەکەم ئەچێت. قسە هەر ئەبێت قسەی خۆیان بێت و بە هیچ شتێکیش ڕازی نین.

**سەرباز:** خەم مەخۆ، دنیا هەر وا نابێت، تۆش هێشتا مناڵیت و ڕۆژگارێکی درێژت لە پێشە. ئەم سەربازییەی ئێمەش زۆر درێژە، بەڵام هەر ڕۆژێک دێ تەواوبێت.

**کیژۆڵە:** زۆر سوپاس خاڵە گیان.. زۆر یارمەتیی منت دا، ئەمڕۆ زوو تەواو بووم.. هێشتا خۆر بە ئاسمانەوەیە.. ئێستاش ئەگەر حەزبکەیت من لەگەڵتا دێم و دارکاژێکی جوانت پیشان ئەدەم.

**سەرباز:** جا لەوە باشتر.. بێگومان تۆ لە من زیاتر شارەزای ئەم دارستانەیت.. دەی با بڕۆین.

**کیژۆڵە:** بەڵام با عەرەبانەکانمان لێرە دابنێین.

**سەرباز:** باشە.. (ئەڕۆن)

(پاش کەمێک لەنێو درەختەکانەوە دوو پیرەمێردی کەڵەگەت دێنە دەرەوە کە یەکێکیان مانگی بەفرانبارە و ئەوی تریان ڕێبەندانە. بەفرانبار چاکەتێکی ئاوریشمی خەتخەتی سپی و ڕەشی لەبەردایە و کڵاوێکی لەسەردایە کە دوو شریتی ڕەشی پێوەیە، ڕێبەندانیش چاکەتێکی سپیی سادە و کڵاوێکی بەسەرەوەیە)

**بەفرانبار:** ڕێبەندان، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە تۆ کاروبار بگریتە ئەستۆ، هەموو شتێک تەواوە، بەفر تا نیوەی قەدی دارەکان باریوە، ئەگەر سەهۆڵەکان بتوێنەوە، مەترسییەک لە ئارادا نابێت، من زۆربەی تەمەنم لەودیو هەورەکانەوە

بەسـەربردووە، بەڵام ئێستا نۆرەی تۆ هـاتووە، ئەتوانیت لەگەڵ خۆردا یاری بکەیت.

**ڕێبەنـدان**: سوپاسـت ئەکەم بـرای ئـازیزم، تـۆ کـاری خـۆت بە ڕێکـوپێکی ئەنجـام داوە، بەفـر و شــەختەیەکی زۆر وا بەســەر ڕووی ڕووبار و دەریاچەکانەوە.

**بەفرانبـار**: ڕاسـت ئەکەی، بەڵام ئەگەر کەمـێ سـاردتر بێـت و زیاتر ببەستێت باشترە.

**ڕێبەندان**: تـۆ پشت بە مـن ببەسـتە و هەقت نەبێ، بەڵام کەس لە دارستانەکەدا نابینم.

**بەفرانبـار**: هەر کەســە و ســەرقاڵی کـاری خـۆیەتی، ئەوانەی زســتانان ئەخەون ئێـستا خەوتــوون، ئەوانــی تــریش لەوانەیە بەدوای نێچیردا بگەڕێن.

**ڕێبەنـدان**: باشـە ئێستا کـاتی ئەوە هـاتووە پێشوازی لە سـاڵی نوێ بکەین، هێشتا دەسەڵات لە دەست تۆدایە بەفرانبار... جارێ دەوروتەسلیممان نەکردووە.. بەفرێکی باش داکە.

**بەفرانبـار**: جـارێ زوو نیـیە؟ هێـشتا مـاویەتی بـۆ شـەو، دوو عەرەبـانەش لێـرەدان کە جـارێ خاوەنەکانیـان نەهـاتوونەتەوە. ئەگەر بەفر داکەم ڕێگایان لێ دەگیرێ و ناتوانن بڕۆنەوە.

**ڕێبەنـدان**: باشە هیچ نەبێت جارێ پرووشـەیەک بکە تـا ئەوان بزانن وەختی گەڕانەوەیە بـۆ مـاڵەوە، ئەگەر وانەکەی لەوانەیە تـا نیوەشەو بمێننەوە، ئەم بنیادەمانە دایـم خەریکی گەڕانن بەدوای شتدا.

**بەفرانبار:** باشە. ئادەی بای بە پڕووشە دەست پێ بکە و خەڵکی لەوە ئاگادار بکەرەوە کە ئەبێ بچنەوە بۆ ماڵەوە.

(بەفر دەست بە پڕووشە ئەکات، لەولاوە کیژۆڵە و سەربازەکە دەرئەکەون و دەگەڕێنەوە، بەڵام بەفرانبار و ڕێبەندان نابینن، دارکاژێک بەدوای خۆیاندا ڕائەکێشن)

**سەرباز:** بە خوا وا دیارە ئەمشەو بەفرێکی چاک ئەبارێ.. ئەوە عەرەبانەکانمان کوان؟

**کیژۆڵە:** ئەوەتان. گەورەکەیان هی تۆیە و بچووکەکەیان هی منە.

**سەرباز:** ئێستا دارەکە بە عەرەبانەکەوە ئەبەستمەوە و پاشان ئەڕۆم.. تۆ چاوەڕێی من مەکە.. بڕۆرەوە با لەوە زیاتر سەرمات نەبێ.

**کیژۆڵە:** نا.. من ڕاهاتووم (یارمەتیی سەربازەکە ئەدات تا دارەکە بە عەرەبانەکەوە ببەستێتەوە)

**سەرباز:** باشە دەی.. من پێش ئەکەوم و تۆش دوام بکەوە

**کیژۆڵە:** باشە دەی با بڕۆین.. (چاوی بە بەفرانبار و ڕێبەندان ئەکەوێ) ئاییییی....

**سەرباز:** چیتە؟

(بەفرانبار و ڕێبەندان خۆیان دەشارنەوە)

**کیژۆڵە:** دوو پیرەمێردم بینی... بەڵام سەیرە... چییان لێ هات!.

**سەرباز:** کچێ پیرەمێردی چی؟ بەخوا وابزانم لە سەرمانا چاوت ڕێشکەوپێشکە ئەکا..

**کیژۆڵە:** بە خوا بە چاوی خۆم دیم.

**سەرباز:** برۆ با بڕۆین وەختی ئەوە نییە... برۆ تا دنیا تاریک نەبووە. (ئەڕۆن)

(بەفرانبار و ڕێبەندان دێنە دەرەوە)

ڕێبەندان: ڕۆشتن؟

**بەفرانبار:** بەڵێ (سەیر ئەکات) لە چاو ون بوون.

**ڕێبەندان:** زۆرچاکە.. لەوە ئەچێت ئەمانە دوا دوو کەس بن ئەمساڵ تۆ ببینن... ئیتر کەسی تر نایەت بۆ دارستان. با براکانمان بانگ بکەین و ئاهەنگی ساڵی نوێمان دەست پێبکەین.

**بەفرانبار:** کێ بۆ ئاگرەکە دار پەیدا ئەکات؟

**ڕێبەندان:** مانگەکانی زستان.

**بەفرانبار:** کێ ئاگرەکە بکاتەوە؟

**ڕێبەندان:** مانگەکانی بەهار.

**بەفرانبار:** ئەی کێ ئاگرەکە خۆشبکات؟

**ڕێبەندان:** مانگەکانی هاوین.

**بەفرانبار:** باشە ئەی کێ دوایی بیکوژێنێتەوە؟

**ڕێبەندان:** مانگەکانی پاییز.

**بەفرانبار:** زۆرچاکە.. کەواتە با دەست بە کار بین.

## دیمەنی - ٢ -

(پۆلی خوێندنی شازادە خاتوونە لە کۆشک. تەختەڕەشەکە لە چوارچێوەیەکی زێڕکفتی دایە، خاتوون لەسەر کورسییەکی ئاڵتوونی دانیشتووە و مێزێکی لە بەردەمدایە و قەڵەمێکی درێژی پەڕداری بە دەستەوەیە، بەرامبەریشی پرۆفیسۆری خوێندنەوە و نووسین و بیرکارییەکەی وەستاوە. کڵاوێکی گوڵنکەداری لە سەردایە)

**خاتوون**: ئێستا تێگەیشتم، نووسین تەنها یەک سوودی هەیە کە ئەویش مەرەکەباوی کردنی دەست و پەنجەیە.

**پرۆفیسۆر**: ڕاست ئەکەی خاتوونی گەورەم بە ڕاستی نووسین کارێکی ناخۆشە، شاعیرانی کۆن کاتێ قەڵەمیان بەکارنەهێناوە و شیعرەکانیان لەبەر کردووە چاکیان کردووە. ئێستا بە ئەدەبەکەی ئەوان ئەڵێن ئەدەبی زارەکی، بەڵام چار نییە شازادە خاتوون.. بۆیە جەسارەت ئەکەم و داواتان لێ ئەکەم بە دەستی موبارەکتان چەند دێڕێکی تر بنووسن.

**خاتوون**: باشە بیڵێ.

**پرۆفیسۆر:** گیا سەوز ئەبێت...

خۆر هەڵدێت...

پەرەسێلکە بە ئاسمانا ئەفرێت و

مژدەی بەهار لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێ.....

**خاتوون:** من هەر دێری یەکەم ئەنووسم.. تاقەتم نییە ئەوانی تر بنووسم..

گەورەی ڕاوێژکاران: (دێتە ژوورەوە)....

خاتوونی شکۆدار بەیانیتان باش... لە بەڕێزتان داواکارم کە بەیاننامەیەک و سێ حوکم دەربکەن..

**خاتوون:** دیسانەوە نووسین؟ کەواتە پرۆفیسۆر تازە فریا ناکەوم ئەو دێڕەش بنووسم. دەی ڕاوێژکار کوا کاغەزەکانم بدەرێ.

**ڕاوێژکار:** فەرموون.

**خاتوون:** چی بنووسم؟

ڕاوێژکار: خاتوونی گەورە یەکێک لەم دوو وشەیە بنووسە یان وشەی (دار) یان وشەی (لێبوردن).

**خاتوون:** دار یان لێبوردن... (دار)ەکە ئەنووسم، چونکە کورتترە..

**ڕاوێژکار:** خاتوونی بەڕێز ئەمانەش ئیمزا بکە.

**خاتوون:** ئەم ئیمزاکردنە بوو بە چی؟ نەبڕایەوە؟

(ڕاوێژکار ئەڕوات)

**پرۆفیسۆر:** شازادە خاتوون وشەی (دار) گەرچی کورتترە، بەڵام ئەنجامی زۆر خراپە.

**خاتوون**: مەبەستت چییە؟

**پرۆفیسۆر**: ئەی بەو وشەیە ژیانی سەدەها کەس ئەخەیتە مەترسییەوە. ئەبوایە بەر لەوەی ئەوە بنووسیت بیرت بکردایەوە.

**خاتوون**: تۆ ئەتەویٚ من لە یەک کاتدا بنووسم و بیریش بکەمەوە؟ لە یەک کاتدا!

**پرۆفیسۆر**: نەخێر.. لە پێش نووسینەکەدا بیرت بکردایەوە.

**خاتوون**: تۆ هەر داوام لیٚ ئەکەی بیربکەمەوە.. کەواتە من ئیشوکارم نەبێت جگە لە بیرکردنەوە.. تا ئاخیرەکەی خۆم لە شێتخانە ئەبینمەوە..

**پرۆفیسۆر**: ئەستەغفیروڵڵا شازادە خاتوون... من مەبەستم...

**خاتوون**: (قسەکەی پیٚ ئەبڕێت) باشە... باشە... با بچینەوە سەر وانەکەمان... بیکە بە بیرکاری و با زووش لێبینەوە، خەریکە دڵم ئەتەقیٚ لە بێزاریدا.

**پرۆفیسۆر**: خاتوون حەوت کەڕەت هەشت ئەکاتە چەند؟

**خاتوون**: بیرم نەماوە.. ئەوەنە شتێکی موهیمە تا بیرم بمێنی؟

**پرۆفیسۆر**: ئەی چۆن موهیم نییە خاتوون؟

**خاتوون**: باشە دەی با بۆ ئەمڕۆ ئەوەندە بەس بێت... ئەمشەو شەوی سەری ساڵی تازەیە و ئەبیٚ خەریکی شتی تر بم.

پرۆفیسۆر: چۆن ئەفەرموون با وابێت شازادە خاتوون (بە دڵتەنگییەوە کتێبەکان کۆدەکاتەوە)

**خاتوون**: پرۆفیسۆر... ئەوە بۆ وا گرژ و مۆنیت؟ پێت ناخۆشە وانەکە تەواو بـــوو؟ ئەگەر حەز بە دارکـــاریش ئەکەیـــت ئەوە شتێکی ترە؟

**پرۆفیسۆر**: خاتوونی خاوەن شکۆ من چیم کردووە تا دارکاریم بکەن؟

**خاتوون**: چۆن چیت کردووە؟ شتێک ئەنووسم ئەڵێیت هەڵەیە.. وەلامی پرسیارێکت ئەدەمەوە ئەڵێی ڕاست نییە... کەواتە تۆ لە من ڕازی نییت.

**پرۆفیسۆر**: خاتوون بەڵێن بێ لەمەودوا لە قسەت دەرنەچم و هەرچییەکت وت بڵێم باشە.

**خاتوون**: دە باشە.. ئێستا ئەتوانین لەسەر وانەکەمان بەردەوام بینەوە.. دەی پرسیارم لێ بکە.

(ئەچێتەوە پشت مێزەکەی)

**پرۆفیسۆر**: شازادە خاتوون شەش کەڕەت شەش ئەکاتە چەند؟

خاتوون: (بە نازوفیزەوە سەیری پرۆفیسۆر ئەکات) ئەکاتە یانزە.

**پرۆفیسۆر**: (بە دڵتەنگییەوە) زۆر ڕاستە... ئەی هەشت کەڕەت هەشت ئەکاتە چەند؟

**خاتوون**: سێ.

**پرۆفیسۆر**: ڕاستە ئەی حەوت کەڕەت...

**خاتوون**: بڕایەوە.. شتێکی تر بڵێ.

**پرۆفیسۆر**: شازادە خاتوون حەز لە چی ئەکەن..

**خاتوون**: باسێکی ئەمشەو کە شەوی سەری ساڵە..

**پرۆفیسۆر**: بەڵێ خاتوون.. سبەینێ یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەیە.. ساڵیش دوانزە مانگە..

**خاتوون**: بە ڕاست؟

**پرۆفیسۆر**: بەڵێ شازادە.. دوانزە مانگی ڕێک هەمووشیان بە دوای یەکدا دێن، چ مانگەکان و چ وەرزەکان.

**خاتوون**: ئەی ئەگەر من بمەوێ مانگێک یان وەرزێک زووتر بێت؟

**پرۆفیسۆر**: شتی وا نابێت خاتوون.

**خاتوون**: دیسانەوە کەوتیتەوە کەللەڕەقی؟

**پرۆفیسۆر**: خاتوون ئەوە من نیم کەللەڕەقی ئەکەم، ئەوە زانست و سروشتە، ئەو شتانە پاش و پێش ناخرێن، ئەمانە یاسای سروشتن.

**خاتوون**: ئەی ئەگەر من یاسایەک دابنێم؟! من ئێستا ئەمەوێ ببێ بە مانگی گوڵان.. من زۆر حەزم لە گوڵی حەسرەتە..

**پرۆفیسۆر**: خاتوون هێشتا سێ مانگی ماوە بۆ گوڵان.

**خاتون**: من بەرگەی سێ ڕۆژی تریش ناگرم.. ئەبێ سبەینێ گوڵی حەسرەتم بۆ پەیدا بکەن.

**پرۆفیسۆر**: خاتوون گوڵی حەسرەت لە مانگی گوڵاندا ئەڕوێ.

**خاتوون**: باشە، با بێ بە مانگی گوڵان.

**پرۆفیسۆر**: ئەی یاساکانی سروشت خاتوون؟

**خاتوون**: من یاسای تازە بۆ سروشت دائەنێم. (چەپڵەیەک لێئەدات) گەورەی ڕاوێژکاران.. گەورەی ڕاوێژکاران.. (گەورەی ڕاوێژکاران دێ. ئنجا خاتوون ڕوو ئەکاتە پرۆفیسۆر) ئێستا

بچۆره سەرمێزەکەی من و بنووسە. بنووسە... ((گیا سەوز ئەبێ... خۆر هەڵدێ... لە داستانەکەماندا گوڵی بەهاری ئەڕوێ))

هەر بۆیە فەرمان ئەدەین سەبەتەیەک گوڵی حەسرەت بۆ شەوی سەری ساڵ بۆ شازادە بهێنرێ... هەرکەسێکیش ئەو سەبەتە گوڵەی هێنا ئەوا پاداشتێکی گەورەی ئەدەینێ.. چیی بدەینێ باشە؟ ئا... بیرم کەوتەوە..پڕ سەبەتەکە ئاڵتوونی ئەدەینێ، لەگەڵ چاکەتێکی مەخمەری کە لە پێستی ڕێویی زەرد دروست کرابێ و ڕێگاشی پێ ئەدەین کە لە جەژنی سەری ساڵدا لەگەڵماندا بەشداربێت.

**پرۆفیسۆر**: خاتوونی شکۆدار.. تەواو..

**خاتوون**: زۆر چاکە.. بیهێنە با ناوی موبارەکی خۆمی لەسەر بنووسم و ئیمزای بکەم.. (ئەیدات بە گەورەی ڕاوێژکاران) هانێ ئەمە فەرمانی تازەمانە و بە جارچییان بڵێ لە سەرانسەری مەملەکەتداجاری بۆ بدەن.

**راوێژکار**: بەسەرچاو شازادە خاتوونی شکۆدار.

* * *

(دیمەن: جارچییان بە ناو مەملەکەتدا ئەگەڕێن، شەیپووریان پێیە و فەرمانەکە ئەخوێننەوە و خەڵکی لە دەوریان کۆ ئەبێتەوە)

**جارچی**(١): خەڵکینە گوێ لە فەرمانی تازەی شازادە خاتوون بگرن:

هەرکەسێ بۆ شەوی سەری ساڵ سەبەتەیەک گوڵی حەسرەت بۆ شازادە بێنێ، سەبەتەیەک ئاڵتوون و چاکەتێکی

گرانبەهای پێشکەش ئەکرێت و ڕێشی پێ ئەدرێت لە ئاهەنگی سەری ساڵدا لەگەڵ شازادەدا جەژن بکات.

**جارچی**(٢): (لە شوێنێکی دیکە) خەڵکینە گوێ لە فەرمانی تازەی شازادە خاتوون بگرن:

هەرکەسێ بۆ شەوی سەری ساڵ سەبەتەیەک گوڵی حەسرەت بۆ شازادە بێنێ، سەبەتەیەک ئاڵتوون و چاکەتێکی گرانبەهای پێشکەش ئەکرێت و ڕێشی پێ ئەدرێت لە ئاهەنگی سەری ساڵدا لەگەڵ شازادەدا جەژن بکات.

## دیمەنی -٣-

(خانوویەکی قەراغ شارە. ئاگردانی تیا ئەسووتێ. دەرەوە بەفر ئەبارێ، دەمەو ئێوارەیە، پیرێژنێک خەریکی هەویر شێلانە، کچەکەی نزیک ئاگردانەکە دانیشتووە، دوو سێ سەبەتەی لاوەیە کە بەراوردیان ئەکات، قەوارەیان جیاوازە)

**کچ**: (دەست ئەداتە سەبەتەیەکی بچکۆلە) دایە تۆ بڵێی ئەمەیان ئاڵتوونی زۆر بگرێت؟

**پیرێژن**: نا. ئەوەیان زۆر ناگرێت.

**کچ**: ئەی ئەمەیان؟

**پیرێژن**: ئەوەیان باشترە، بەڵام هێشتا بچووکە.

**کچ**: ئەی ئەم دانەیە؟

**پیرێژن**: ئەوە لە هەموویان گەورەترە، ئەگەر بەوە ئاڵتوونت ئەدەنێ، ئەوسا سەرتاپات لە ئاڵتوون هەڵکێشی،لە قاپی ئاڵتووندا نان بخۆی، پێڵاوی ئاڵتوون لەپێ بکەی..

**کچ:** کەواتە ئەمەیان دائەنێم (ئاخ هەڵئەکێشێ) بەڵام ئاخر ئێستا کەی وەختی گوڵی حەسرەتە؟! دیارە شازادە بۆیە ئەم حوکم و داوایەی کردووە تا هەموومان لەسێدارە بدات.

پیرێژن: کچم شازادەش کچێکی لاو و سەرەڕۆیە.

**کچ:** یەعنی ئێستا ئەگەر یەکێک لە دارستانەکە گوڵی حەسرەتی بۆ بەرێت، سەبەتەیەک ئاڵتوونی ئەداتێ؟

**پیرێژن:** بەڵێ ئەیداتێ، بەڵام ئەوە لە توانای کەسدا نییە، چونکە گوڵی حەسرەت بەهاران ئەڕوێ و ئێمەش جارێ لە چلەی زستانداین... نابینی بە قەدەر باڵای بنیادەمێ بەفر باریوە؟.

**کچ:** وایە، بەڵام لەوانەشە لە ژێر بەفرەکەدا سەریان دەرهێنابێ.. دایە ئەڵێم با قاپوتەکەم لەبەر بکەم و بچم پەیدای بکەم...

**پیرێژن:** ئەوە ڕۆڵە تۆ ئەڵێی چی؟ ئا سەیرێکی دەرەوە بکە بزانە چ کڕێوە و تۆفانێکە.. جارێ ئێوارەشە ئەمشەو ئەوەندەی تریشی تێ ئەکات.

**کچ:** (گەورەترین سەبەتە هەڵئەگرێ) ئەڕۆم دایە.. شتی وا لە ژیاندا یەک جار ڕووئەدات.. سەبەتەیەک ئاڵتوون و جەژنکردن لەگەڵ شازادە خاتووندا.. ئەڵڵا کە خۆشە...

**پیرێژن:** کچم یەک دەقیقە لە دەرەوە بیت ڕەق ئەبیتەوە و ئەبیت بە چلوورە..

**کچ:** دە باشە کەواتە خۆت بڕۆ..

**پیرێژن:** یەعنی دڵت بە دایکت ناسووتێ؟

**کچ**: با دایە... بەڵام دڵم بە سەبەتەیەک ئاڵتوونیش ئەسووتێ.. خۆت گەرم بپێچەرەوە و ئینجا بڕۆ..

**پیرێژن**: سەیری ئەم کچە دڵسۆزەی من هەمە.. خەڵکی لە ڕۆژێکی وادا دڵی نایەت سەگەکەشی بنێرێتە دەرەوە، کەچی تۆ دایکی خۆت ئەنێریت.

**کچ**: دایە تۆ منت خۆش ناوێ.. ئەگینا دڵی کچەکەت نەئەشکاند و ئەچوویت.. حەیف نییە ئەو سەبەتە ئاڵتوونە بۆ کچێکی تر بێت؟! یەکێکی تر وەریبگرێت و جەژنی سەری ساڵ لەگەڵ شازادەدا بکات و منیش لە کونی ژوورەوە حەپس بم..

**پیرێژن**: تۆ واز لەو خەیاڵاتە بێنە کچم.. حەڵوایەکم بۆ دروست کردووی دەست و دەمی پێوە ئەخوریێ (ئەچێت و حەڵواکەی بۆ دێنێ) تۆ تۆزێکی لێ بخۆ بزانە چەند بەتامە..

**کچ**: (دڵی پڕە) حەڵوام ناوێ.. من گوڵی حەسرەتم ئەوێ، ئەگەر تۆ ناچیت و ناهێڵیت منیش بچم، کەواتە کە خوشکەکەم لە دارستان گەڕایەوە ئەبێ دووبارە ئەو بنێریتەوە تا گوڵی حەسرەتم بۆ پەیدا بکا..

**پیرێژن**: باشە کچم.. با بێتەوە ئەو ئەنێرین.. دارستانەکە نزیکە و ئەویش بە سەرما ڕاهاتووە ڕەقیشی بێتەوە کەس نییە بۆی بگری.. ئەوسا ئەگەر گوڵەکانی هێنا خۆم و خۆت ئەیبەین بۆ کۆشکی شازادە.

**کچ**: چارەیم ناوێ.. خوا ئەکا گوڵەکەمان بۆ پەیدا ئەکا... چیی لێ دێت با لێی بێت، چەندم پێ ناخۆشە کە دراوسێکانمان وەسفی ئەکەن ((ئای کە کچێکی جوانە)) ((بەسزمانە دایک و

باوکیشی نەماون))، نازانم بۆ ئەویان خۆش ئەوێ و منیان خۆش ناوێ، ئاخر ئەو چیی لە من زیاترە؟

**پیرێژن**: کچم حەددی چییە ئەو لە تۆ جوانتربێت لەبەر ئەوەی ئەو مەرایی ئەکات و زمانی لووسە و بەدەم هەموو کەسێکەوە پێئەکەنێت، بۆیە دڵیان پێ ئەسووتێ. ڕەفتەیەکی جوانم هەبوو،حەوت ساڵە هەمە و ئەیبەستم، ئەم بەیانییە دامێ. تۆش جووتێ پێڵاوت هەبوو پار فڕێت دابوو،ئەوەشم دا بەو. لەوە زیاتر چیی ئەوێت... دایکی خۆشی بمایە هەر وا خزمەتی نەئەکرد. چۆن تووش بووین بە دەستیەوە..

**کچ**: هەر کە هاتەوە یەکسەر بینێرەوە بۆ دارستان و سەبەتە گەورەکەشی بدەرێ و پێی بڵێ ئەبێ پڕی بکات لە گوڵی حەسرەت.

**پیرێژن**: خەمت نەبێ کچم..

(دەنگی دەرگا دێ و کیژۆڵە دێتە ژوورێ.. هەموو ئەندامی لەشی بەفرە.. خۆی ئەتەکێنێ و خێرا بەرەو ئاگردانەکە ئەچێت تا دەستی گەرم بکاتەوە)

**پیرێژن**: بەفر ئەبارێ؟

**کیژۆڵە**: چ بەفرێ.. بڕۆ سەیر کە، بەژنێ باریوە..

**پیرێژن**: ئیتر زستان هەر وایە.. دە باشە دەی خێرا خۆت گەرم بکەرەوە تا بڕۆیت.

**کیژۆڵە**: (بە حەپەساوییەوە) بۆ کوێ؟

**پیرێژن**: ئەبێ بچیتەوە بۆ دارستان.

**کیژۆڵە**: ئەی مــن ئێــستا لەوێ نەهــاتوومەتەوە، بەشــی هەفتەیەک چیلکەم هێناوە.

**کچ**: کێ باسی چیلکەی کردووە؟ ئەبێ بچیت گوڵی حەسرەت بێنیت.

**کیژۆڵە**: (پێئەکەنێت) ئا.. وامزانی بە ڕاستتانە.. ڕۆحم چوو..

**کــچ**: ئەی لە تــۆ وایە بە گاڵتەمــانە؟ دەربــارەی فەرمــانەکەی شازادە خاتوون هیچت نەبیستووە؟

**کیژۆڵە**: نا.

**کــچ**: ئاگـات لە هـیچ نییە. شـازادە فەرمـانی دەرکـردووە هەر کەسێ سەبەتەیەک گوڵی حەسرەتی بۆ بەرێت ئەمشەو لەجیاتی ئەوە سەبەتەیەک ئاڵتوونی ئەداتێ..

**کیـژۆڵە**: ئینجـا بەم چـلەی زسـتانە گـوڵی حەسـرەت لە کـوێ دەست ئەکەوێ؟

**کچ**: ئیتر کەیفی خۆتە، ئەمە سەبەتەکەیە..

**کیژۆڵە**: ئاخر وا خەریکە دنیا تاریک ئەبێ..

**کچ**: ئینجا بۆ وا درەنگ هاتیتەوە؟ خەتای خۆتە.

**کیژۆڵە**: باشە سبەینێ ئەڕۆم، بەیانی زوو..

**کچ**: ئەی ئەگەر سبەینێش وا درەنگ هاتیتەوە؟ نا ئێستا بچۆ.

کیژۆڵە: ئاخر بەم زستانە گوڵی حەسرەت چۆن پەیدا ئەبێ؟ وا پەیداش بوو.. بەم تاریکییە چاوچاو نابینێ.. ناتوانم بڕۆم.. تۆ هیچ بەزەییەکت بە مندا نایەتەوە؟ ئاخر شتی وا چۆن ئەبێ؟

**کچ**: ئەی ئەتەوێ من بڕۆم؟

**کیژۆڵە**: من ئاڵتوونم ناوێ.

**پیرێژن**: دیارە ئاڵتوونت ناوێ... تۆ لە چیت کەمە تا ئاڵتوونت بوێ... ڕەفتەی خۆمم داوە پێت.. پێڵاوی کچەکەم.. جلی گەرموگوڕت لەبەردایە..

**کچ**: ئێستا تۆ ئەڕۆی یان نا؟ (دەست ئەکات بە گریان) دایە من ئەڕۆم.. با ئەو بۆخۆی لای ئاگردانەکەوە دانیشێ و حەڵوا بخوات، منیش لەو دارستانەدا ڕەق ببمەوە..

**پیرێژن**: (ڕوو ئەکاتە کیژۆڵە) دەی هەڵسە کچێ خێراکە. ڕەفتەکەت ببەستەرەوە و سەبەتەکە هەڵگرە و بڕۆ.. خوام لەو خوایە بچیت بۆ ماڵە دراوسێکان، بەو خوایە شتی وا بکەیت سەر ناکەیتەوە بەم ماڵەدا... دەی...

**کچ**: (بە گریانەوە) تا گوڵی حەسرەت نەهێنیتەوە نەیەیتەوە.

(کیژۆڵە بە خەمبارییەوە ڕەفتەکەی ئەبەستێ و سەبەتەکە هەڵئەگرێ و ئەڕوات).

**پیرێژن**: دەستت بشکێ دەرگاکەشی باش دانەخست. نالێ سەرمایان ئەبێت.. تۆ سەیری ئەو هەوا ساردە دێتە ژوورەوە....

# بەشی دووەم

## دیمەنی -١-

(دیمەن: دارستانە.. بەفر یەکبینە ئەبارێ.. ئێوارەیە..کیژۆڵە بە تەنیا ئەڕوا)

**کیژۆڵە**: ئای کە سارد و ترسناکە.. تەنانەت گیانەوەرەکانیش چوونەتەوە ناو لانەکانیان، جگە لە کڵۆڵێکی وەکو من کێ لەم کاتەدا و بەم بەفرە بە دەرەوەیە (هەڵئەخلیسکێ) ئای خوایە گیان.. خەریک بوو قاچم بشکێ.. باشە من بۆ کوێ بچم؟ وا دنیاش تاریک بوو، ئاخ خوایە.. حەزناکەم ڕەق ببمەوە و بمرم.. ئەگەر هاواریش بکەم کەسێک نییە بێ بە دەنگمەوە. بەڵام با هەر هاواریش بکەم، بەڵکو ئەوە خوایە کەسێک گوێی لێم بێت و فریام بکەوێ.. (هاوار ئەکات) هێیی... هێیییی... کەس گوێی لە هاوارم نییە... ئای خوایە گیان..چی بکەم؟ ئەگەر گورگم بۆ هات چی بکەم؟ گورگ لە دوورەوە بۆنی ئادەمیزاد ئەکا.. ئەوە چیبوو. گوێم لە دەنگێک بوو، ئای خوایە با بچمە سەر درەختێک.. بۆ ئەوەی ئەگەر گورگیش بوو نەتوانێ دەستی پێم بگات. (ئەچێتە سەر دارێک پاش کەمێک گورگێک دێ).

**گورگ**: ئای لەم کرێوەیە... بەخوا منیش پیر و کەنەفت بووم، خوا غەزەبی لێ گرتبووم بەم سەرمایە هاتمە دەری؟ هەرچی جرِوجانەوەرە وان لە کون و لانەی خۆیاندا.. تازە هیچ نێچیرێکم دەست ناکەوێ... (لمۆزی بەرز ئەکاتەوە و بۆن ئەکا) بەخوا بۆنی بنیادەمیش دێ، بەڵام بنیادەم بەم شەوە و بەم کرێوەیە چی ئەکات لێرە؟

(قەلەڕەش پەیدا ئەبێتەوە)

قەلەڕەش: مەرحەبا پیرە گورگ.

**گورگ**: ئۆهۆو.. هەمدیسان تۆی.

**قەلەڕەش**: باشە تۆ خوا سەری لێ شێواندوویت وا بەم کرێوەیە هاتوویت بۆ نێچیر؟

**گورگ**: ئینجا تۆ هەقت چییە؟

**قەلەڕەش**: ئاخر نەگبەت تۆ سەرت لە گوێ قەبر ئەلەرزێ، بۆ لە ماڵەکەی خۆتدا دانانیشیت؟ بەم تۆفانە چیت دەست ئەکەوێ؟

**گورگ**: کاکە برسیمە... برسی... بەدوا پارووییەکدا ئەگەڕێم.

**قەلەڕەش**: وەڵڵاهی ئەم ناوە ئەشتەبای لێ نییە.. خۆشت بێهوودە ماندوو مەکە.. بڕۆ بۆ لایەکی تر.

**گورگ**: هەمووی هی شوومییەکەی تۆیە، ئەوەندە شوومیت هیچ ڕوو ناکاتە ئێرە، تا تۆش لێرە بیت ئیتر من سەر ناکەمەوە بێرەدا.. هەی دەعەجانی (ئەڕوات).

**قەلەڕەش**: قیغ... قیغ.. بەخوا چاک پێی ڕائەبوێرم.. ئای لە قەڵستاغە پیر.. خۆی زۆر بە زیرەک ئەزانێت.. باشبوو ڕۆیشت

و ملــی شــکاند.. کیــژۆڵەی جــوان تــۆش هەڵــسە لە خەو، ڕەق ئەبیتەوە..

(کیژۆلەکە خەوی لێ کەوتبوو، خەبەری ئەبێتەوە)

**کیژۆڵە**: ئەوە کێیە قسەم لەگەڵ ئەکا؟ وا دیارە خەوم دیوە.. بە ڕاست چیم لە خەومدا بینی؟ ئا.. دایکمم بینی.. چرایەکی بەدەستەوە بــوو، بەرەو ڕووم ئەهــات.. ئــای دایە گیــان.. خــۆزگە لە ژیانــدا ئەبوویت و جێت نەئەهێشتم...ئەگەر بمایتایە ئێستا وام لێ نەئەهات. (ســـەیر ئەکـــات وەک ئەوەی شـــتێک ببینـــێ) ئـــا.. ئەوە چیـــیە؟ ڕوونــاکییەک لە دوورەوە دیــارە.. لە تیــشکی ئــاگر ئەچێــت.. ئــای خوایە.. وەڵڵا ئاگرە.. با دابەزم و بەرەو ڕووی بچم.. ئەبێ کێ ئەو ئاگرەی کردبێتەوە؟! (دائەبەزێ و بەرەو ئاگرەکە ئەچێت).

(وردە وردە لە ئــاگرەکە نزیــک ئەبێــتەوە، کە ســەیر دەکــات ئــاگرێکی گەورە کراوەتەوە و هەر دوازدە مــانگەکەی ســاڵیش بە دەوریــدا دانیــشتوون. ســیانیان پیــرن، ســیانیان مــام ناوەنــدی، سیانیــشیان لاو، ســیانەکەی تــریش نەوجەوان. کیــژۆڵە لە بەینــی دوو درەختدا ئەوەستێ و سەیریان ئەکا)

**ڕێبەنــدان**: (باوەشــێ چــیلکەی پێــیە و فڕێــی ئەداتە نــاو ئاگرەکەوە)... دەی بسووتێ و با گڕت زیاد بێ..

گەرمی بە زستان ببەخشە...

هاوینمان با گەرمتر بێ و...

بەهاریشمان با ڕەنگینتر و جوانتر بێ.

**هەموویان**: ئاگر با کڵپەت زیاتر بێ

گڕیشت هەردەم نەمر بێ

**پوشپەڕ**: با نێڵەت هەبێ
تا بە گەرماکەت
داری دارستان بە بەر بێ
**جۆزەردان**: تا هەنگەکان بۆ گشت دونیا
هەنگوین سازکەن
**گەلاوێژ**: تا گوڵە گەنمەکان
کێڵگەکان برازێننەوە
**هەموو**: ئاگر با کڵپەت زیاتر بێ
گڕیشت هەردەم نەمر بێ

(لەم کاتەدا کیژۆڵە پرکێشی ئەکا و ڕائەکات بۆ لایان، دوانزدە مانگەکە گۆرانییەکەیان ئەبڕن و بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەکەن)

**کیژۆڵە**: ئێوارەتان باش.

**ڕێبەندان**: ئێوارەت باش کیژی جوان.

**کیژۆڵە**: ڕێم ئەدەن خۆم گەرم بکەمەوە زۆر سەرمامە

**ڕێبەندان**: براکانم ئێوە ئەڵێن چی؟ ڕێی پێ بدەین؟

**ڕەشەمێ**: تا ئێستا هیچ غەریبەیەک نەهاتووەتە ناو ئێمە.

**گولان**: ڕاست ئەکەی، بەڵام قەی چی ئەکا، با خۆی گەرم بکاتەوە.

**گەلاوێژ**: منیش ئەڵێم با خۆی گەرم بکاتەوە.. دیارە سەرمایەتی.

**بەفرانبار**: وەرە پێشەوە کیژۆڵەی جوان.. بەڵام وریابە ئاگرەکە نەتسووتێنێ.. ئەبینی ئاگرێکی چەند جوانە؟

**کیـژۆڵە**: سـوپاس بـاپیرە.. زۆر نـاچمە پێـشەوە. ئاگرەکەتـان چەند گەرم و خۆشە، وا خەریکە گەرمم ئەبێتەوە.

**ڕێبەنـدان**: ئەم سـەبەتەیە چیـیە پێـت؟ بەم کڕێـوەیە بـۆچی هاتوویتە دەرەوە کچی خۆم.

**کیژۆڵە**: من حەزم نەکردووە بێمە دەرێ، بە زۆر ناردوویانم.

**خەرمانان**: ئەترسم بە زۆر ناردبێتیانی تـا قارچک کۆبکەیتەوە. ها.. ها... ها

**کیـژۆڵە**: نەخێـر.. بـاوەژنم نـاردوومی تـا گـوڵی حەسـرەتی بـۆ بەرمەوە.

**نەورۆز**: (بە ئانیشکی ئەکێشێ بە گوڵاندا کە لایەوە وەستاوە) گوێت لێبوو گوڵان، بۆ گوڵی حەسرەت هـاتووە، کەواتە میـوانی تۆیە.

(هەموویان پێئەکەنن)

**کیـژۆڵە**: منـیش حەزئەکەم وەکـو ئێـوە پێبکەنم، بەڵام نـاتوانم، چـونکە بـاوەژنەکەم پێـی وتـم ئەگەر گـوڵی حەسـرەتم بـۆ نەهێنیتەوە، ئیتر نایەڵم لەمماڵەدا بیت.

**ڕەشەمێ**: بەم چلەی زستانە گوڵی حەسرەتی بۆ چییە؟

**کیـژۆڵە**: خـۆی گـوڵی حەسـرەتی نـاوێ.. ئەیەوێ بیبـات بـۆ شازادە تا ئاڵتوونی بداتێ، ئیتر وتی ئەبێ تۆ بچیت بۆمـان پەیدا بکەیت.

**ڕێبەندان**: خراپ تێکەوتوویت.. ئاخر کەی ئێستا وەختی گوڵی حەسرەتە؟ ئەبێ تا مانگی گوڵان چاوەڕێ بکەیت.

**کیژۆڵە**: ئەزانم مامەپیرە، بەڵام ئەی چی بکەم. چارم نییە من هەر ئێرە شارەزام، بە ناچاری هاتم بۆ ئێرە.. ئەشزانم لەوانەیە لە سەرمانا ڕەق ببمەوە.. دەی من ئەبێ بڕۆم.. زۆر سوپاستان ئەکەم کە هێشتتان خۆم گەرم بکەمەوە.. خواحافیز (دەست ئەداتە سەبەتەکەی تا بڕوات)

**گوڵان**: وەرە کیژۆڵەی جوان. پەلە مەکە و جارێ مەڕۆ (گوڵان ئەچێتە لای ڕێبەندان) برای ئازیزم ڕێبەندان، تکام وایە سەعاتێک لە کاتی خۆت بدەی بە من و جێگەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین.

**ڕێبەندان**: بەسەرچاو، بەڵام خۆت ئەزانیت کە گوڵان ناتوانێت پێش نەورۆز بێت.

**نەورۆز**: من هیچ لارییەکم نییە و ڕازیم. ئەی تۆ ڕەشەمێی برام؟

**ڕەشەمێ**: منیش ڕام لەگەڵ ڕاتاندایە و لاریم نییە.

**ڕێبەندان**: منیش ڕێتان لێ ناگرم کەواتە با دەست پێبکەین. (دارێکی بە دەستەوەیە و ئەیبرووێنێ)

ئەی سەرمای زستان
با بەس بێ شەختە و سەهۆڵبەندان
نەبارێ بەفر و باران
ساف و ساماڵ بێ ئاسمان

(دارستانەکە هێمن ئەبێتەوە و بەفرەکە ئەوەستێ و ئاسمان ئەبێ بە ساماڵ)

**کیژۆڵە**: (بە سەرسورمانەوە) ئای.. خۆ بەفرەکە وەستا و بوو بە ساماڵ.

**ڕێبەندان**: ڕەشەمێ ئێستا نۆرەی تۆیە. (دارەکەی ئەداتێ)
**ڕەشەمێ**: ئادەی با هۆزەکان هەڵکەن
شەو گسک دەن
هەورەکان ببارێنن (با و بارانە)
ئێستاش نەورۆز نۆرەی تۆیە.
**نەورۆز**: (دارەکەی لێ وەرئەگرێ)
دەی هەورەکان ناڵەتان بێ
با زەوی تێر ئاو و جوان بێ
گژوگیاکان سەر دەربێنن
گوڵانیش خۆ برازێنن
(دارەکە ئەداتە دەست گوڵان)
فەرموو نۆرەتە
**گوڵان**: ئەی ڕووبار و شەتاوەکان
بڕۆن بەرەو لێر و باخان
با بێن، گوڵا و گوڵزار با بێن
گوڵانی حەسرەتیش بڕوێن
(دنیا ئەبێ بە بەهارێکی تەواو و گوڵ و گوڵزار، کیژۆڵە واقی وڕماوە و سەیری ئەملاولای دەکات)
دەی کیژۆڵە خێراکە، بڕۆ گوڵی حەسرەت بچنەرەوە، هەمووی سەعاتێکمان بە دەستەوەیە و دنیا ئەبێتەوە بە بەفر و کڕێوە.. خێراکە مەوەستە.
**کیژۆڵە**: من تێناگەم، سەرم سوڕماوە.. چۆن لە ناوەڕاستی زستاندا بەهار پەیدا ئەبێت؟!! باوەڕ بە چاوەکانم ناکەم.

**گوڵان**: خێراکە کیژۆڵەی دارستان.. برۆ سەبەتەکەت پڕکە لە گوڵی حەسرەت.

**کیــژۆڵە**: (بە حەپەســاوییەوە) باشــە وا ئەڕۆم (دەســت ئەداتە سەبەتەکەی و ئەچێتە ناو درەختەکان)

**ڕێبەندان**: مـن ئەم کیژۆڵەیە بـاش ئەناسـم... ئێمەی مانگەکانی زسـتان بـاش ئەیناسـین.. بە بەفـر و بـاران دێت بـۆ دارسـتان و بەدەم گۆرانییەوە چیلکەوچەواڵ کۆ ئەکاتەوە.

**پوشپەڕ**: ئێمەی هاوینیش پێی ئاشناین.

**ڕەشەمێ**: منیش بەپێی پێویست لەگەڵیا میهرەبان نەبووم، گەلـێ جار بەدەست منەوە سەرمای بووە.

**ڕەزبەر**: دیارە کە کیژۆڵەیەکی میهرەبانە.

**گــوڵان**: مــادام هەمووتــان ئەم کیژۆڵەیەتــان خۆشــدەوێ، وا بڕیارم دا کە هاتەوە ئەنگوستیلەیەکی بدەمێ.

(کیــژۆڵەی دارســتان بە ســەبەتەیەک گــوڵی حەســرەتەوە دێتەوە)

**ڕێبەندان**: سەبەتەکەت پڕکرد؟

**کیـژۆڵە**: بەڵـێ.. ئەو نـاوە پـڕی لە گـوڵە.. قەت گـوڵی وا زۆرم نەدیوە.. پرە لە گوڵی حەسرەت.. ئەی مانگەکانی سـاڵ... ئەی بـرا خۆشەویستەکان، ئەگەر ئێوە نەبوونـایە لەوانەبوو ئیتر هەرگیـز چـاوم بە بەهــار و گــوڵی حەســرەت نەکەوتـایەتەوە... مــن زۆر سوپاسی ئێوە ئەکەم.. هی هەمووتان.. (بۆیان ئەنووشتێتەوە)

**ڕێبەندان**: سوپاسی من مەکە.. سوپاسی ئەو برا لاوەم بکە.. گـولاّن.. ئەو بـووە هـۆی ئەوەی ئەم نـاوە پـڕ بێـت لە گـوڵی حەسرەت.

**کیـژۆڵە**: (بەرەو ڕووی مـانگی گـولاّن دەچێـت) زۆر سـوپاس مانگی گولاّن.. تۆ ژیانی منت ڕزگارکرد.. بۆیە هەرگیز تۆم لە بیر ناچێتەوە.

**گـولاّن**: کیـژۆڵەی ئـازیز.. بـۆ ئەوەی منـت لە بیـر نەچێـتەوە ئەنگوستیلەیەکت ئەدەمێ.. فەرموو بیگرە.. هەرکاتێکیش تووشـی کێشە و گیروگرفت بوویت ئەم ئەنگوسـتیلەیە فرێ بدەرە سـەر زەوی یان ناو ئاوێک یاخود ناو بەفرێکەوە و بڵێ:

ئەنگوستیلەی بچووک و جوان

با بێن بۆ لام...

بەهار، هاوین، پاییز، زستان

ئەوسـا ئـێمە هەموومـان، هەر دوانزەمـان دێـین و فریـات ئەکەوین. خۆ بیرت ناچێ چی بڵێیت؟

**کیژۆڵە**: نەخێر بیرم ناچێ.. ئەڵێم:

ئەنگوستیلەی بچووک و جوان

با بێن بۆ لام... بەهار، هاوین، پاییز، زستان

**گولاّن**: زۆر چاکە کچی زیت و وریا، بەلاّم ئەبێ وریا بیت و ئەنگوسـتیلەکە ون نەکەیـت، چـونکە ئەگەر ونـی بکەیـت ئەوسـا منیش ون ئەبم و چەند هاواریش بکەیت بێسوود ئەبێت... باشە؟

**کیـژۆڵە**: چـۆن ونـی ئەکەم؟ ئەمە بەنرخترین شـتە لام. وەکـو چاوم ئەیپارێزم..

**ڕێبەندان:** گوێ بگرە کچم.. ئەمەی ئەمشەو تۆ بینیت کەس نەیبینیوە.. کەس تا ئێستا هەر دوانزە مانگەکەی ساڵی بە یەکەوە نەدیوە. کەسیش ناتوانێ ئێستا گوڵی حەسرەت پەیدا بکات.. لەبەر ئەوە نابێ لای کەس ئەم نهێنییە بدرکێنیت. نابێ بە کەس بڵێی کە ئێمەت دیوە، نابێ بە کەسیش بڵێی ئەم گوڵی حەسرەتانەت لە کوێ پەیداکردووە و چۆن پەیدات کردوون..

**ڕەشەمێ:** ڕاست ئەکا نابێ ئەم نهێنییە بدرکێنی.. ئێمە خۆشمان تا ئێستا شتی وامان نەکردووە و ئەم یاسایەمان نەشکاندووە، بەڵام کە بینیمان تۆ تووشی بارێکی زۆر نالەبار بوویت، ویستمان یارمەتیت بدەین. نابێ لای کەس ناوی ئێمەش بەریت.

**کیژۆڵە:** هەرگیز شتی وا ناکەم.

**ڕێبەندان:** ئەگەر ئەم بەڵێنە بپارێزیت سەری ساڵی ئایندەش ئەتوانیت بێیتەوە بۆ لامان و لە ئاهەنگەکەماندا بەشدار بیت.

**کیژۆڵە:** ئای لەو بەختەوەرییە! سوپاستان ئەکەم.

**بەفرانبار:** سەیری ئەو داربەڕووە بکە.. لە پەنا داربەڕووەکەوە ڕێگاکە ئەبێ بە دووریان.. ڕێگای دەستەچەپ بەرەو لای ئێمەت ئەهێنێ.. بەڵام ڕێگای دەستەڕاست بەرەو هیچ کوێت نابات.

**کیژۆڵە:** هیچ کوێ؟

ڕەشەمێ: بەڵی ئەگەر بە ڕێگای دەستەڕاستدا بڕۆی، یان ئەکەویتە ژێر هەرەسی بەفرەوە، یان ئەبیتە نێچیری گورک و جڕوجانەوەری تر.

**گــولآن**: بەڵام تــا ئەنگوســتیلەکەت پــێ بێــت مەترســـە.. ئەو ئەنگوستیلەیە لە بەفردا گەرمت ئەکاتەوە و لە تاریکیدا ئەبێ بە چرات و کە خەمبار بوویت ئەبێ بە خەمڕەوێنت.

**کیــژۆڵە**: بەڵــێن بــێ ئەم نهێنیــیە بپــارێزم و هەرگیــزیش ئەم ئەنگوستیلەیە ون نەکەم..

**ڕێبەندان**: باشە کچی جوان... دە ئێستاش تا نەمانکردۆتەوە بە بەفر و کڕێوە بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە.

**کیژۆڵە**: ئەی مانگە ئازیزەکان سوپاس.. خوا ئاگای لێتان بێت.. بە هیوای دیدار.. خواحافیز براکانم.

**مانگەکان**: خوات لەگەڵ خوشکی بچووکمان.

(کیژۆڵە ئەڕوات)

## دیمەنی -٢-

(کــوختی پیرێــژنەکەیە... پیرێــژن و کــچەکەی خەریکــی خۆگۆڕینن.. سەبەتەی پڕ لە گوڵی حەسرەتەکە لەسەر مێزێک دانراوە).

**کــچ**: دایە چەنــدم پــێ وتیــت ســەبەتەیەکی گەورەی بەرێ هەمووی خەتای تۆیە.. فەرموو سەیرکە. ئەم سەبەتەیە ئاڵتوون کەم ئەگرێ.

**پیرێـژن**: (بە حەپەساوییەوە) ڕۆڵە ئەوە تـۆ ئەڵێی چـی؟! مـن ئێستاش واقـم وڕمـاوە بەم چلەی زستانە ئەم گوڵەی لە کوێ هێناوە؟

**کچ**: ئەی لێت نەپرسی لە کوێی هێناوە؟

**پیرێـژن**: فریـا نەکەوتـم پرسـیاری لـێ بکەم.. لەجیـاتی ئەوەی سـەرمای بێت هەمـوو گیـانی ئـارەق بـوو.. کە سـەبەتەکەم لـێ وەرگرت یەکسەر چوو خەوت.. ئەوەتا وا نیوەڕۆیە کەچی هێشتا خەبەری نەبۆتەوە.. ئیتر ناچار بووم خۆم ئاگردانەکە داگیرسێنم و ئەم ناوە گسک بەم.

**کچ**: باشە من ئەچم خەبەری ئەکەمەوە.. تۆ گوڵەکان بخەرە ناو سەبەتەکەوە.

**پیرێـژن:** باشـه، بەڵام ئەم سـەبەتەیە زۆر گەورەیە و شـوێنی بەتاڵی تیا ئەمێنێتەوە..

**کچ:** گوڵەکان وا دابنێ کە بەتاڵ دیار نەبێ.. (ئەڕوات)

**پیرێـژن:** (خەریکی ڕێکخستنی گوڵەکان ئەبێت لەناو سەبەتە گەورەکەدا)

**کـچ:** (ئەگەڕێـتەوە و ئەنگوسـتیلەکەی پێـیە و پیـشانی دایکـی ئەدات).. ئەها ئەم ئەنگوستیلەیە.

**پیرێژن:** ئەوە چییە؟ لە کوێت بوو؟

**کـچ:** چـووم خەبەری بـکەمەوە، بەڵام هەڵنەسـا.. سـەیرم کـرد دەستی ڕاستی نووقاوە.. کە کردمەوە ئەم ئەنگوستیلەیەی تیابوو..

**پیرێژن:** ئۆو.. من وتم ئەم ماستە موویەکی تیایە..

**کچ:** یەعنی چیی تیادایە؟

پیرێـژن: یەعنـی ئەقڵـم نـایبڕێ ئەم چەتیـوە چڵکنە خـۆی ئەم گـوڵانەی پەیـدا کردبێـت.. هەبـێ و نەبـێ یەکێـک یـارمەتیی داوە.. ئـــادەی بـــا ســـەیرێکی ئەو ئەنگوســـتیلەیە بـــکەم.. (کـــچەکە ئەنگوستیلەکەی ئەداتێ) ئـای کە جـوانە.. تـا ئێـستا ئەنگوسـتیلەی وا جوانم نەدیوە.. ئادەی بیکەرە پەنجەت.

**کچ:** (هەوڵئەدات بیکاتە پەنجەی) ناچێتە پەنجەم.

(کیژۆڵە دێت)

**پیرێژن:** (بە چرپە) خێراکە بیشارەوە، بیخەرە گیرفانت (کچەکە ئەیخاتە گیرفانی، کیـژۆڵە وەک ئەوەی بە دوای شـتێکدا بگەڕێت، چاو بەسەر زەوییەکەدا ئەگێڕێ و ئینجا لەوێ نامێنێ)..

**پیرێژن:** دیارە بە دوای ئەنگوستیلەکەیدا ئەگەڕێت.

(کیژۆڵەکە دیسانەوە دێتەوە و ئینجا ناو سەبەتەی گوڵەکە ئەگەڕێت) بۆچی ئەگەڕێیت؟

**کیژۆڵە:** کوا ئەو سەبەتەیەی کە گوڵەکانم تیا هێنایەوە؟

**پیرێژن:** بۆ چیتە؟ ئەوەتانێ..

(کیژۆڵە سەیری ناو سەبەتەکە ئەکات)

**کچ:** بۆ چی ئەگەڕێیت؟

**پیرێژن:** تۆ پێت نەوتین ئەم گوڵانەت لە کوێ پەیداکرد؟

**کیژۆڵە:** لە دارستانەکە. (هەر ئەگەڕێت بۆ ئەنگوستیلەکەی)

**پیرێژن:** ئەرێ ئەوە پێم ناڵێی بۆچی ئەگەڕێی؟

**کیژۆڵە:** ئێوە هیچتان نەدۆزیوەتەوە؟

پیرێژن: هیچی وەکو چی؟

**کچ:** بڵێ بزانین بە دوای چیدا ئەگەڕێی؟ چیت لێ ون بووە؟ مەترسە بیڵێ؟

**کیژۆڵە:** تۆ نەتدۆزیوەتەوە؟

**کچ:** چی؟ تۆ چیت ون کردووە؟

**پیرێژن:** پێمان بڵێ چییە تا بتوانین بیدۆزینەوە؟

**کیژۆڵە:** (بە ناچارییەوە) ئەنگوستیلەیەکم لێ ون بووە.

**پیرێژن:** ئەنگوستیلە؟! جا کوا تۆ ئەنگوستیلەت هەبوو؟

**کیژۆڵە:** دوێنێ شەو لە دارستانەکە دۆزیمەوە.

**پیرێژن:** ئەی ئیتر بۆ هەر گلەیی لە بەختی خۆت ئەکەی؟ بەم چلەی زستانە گوڵی حەسرەتت دەستکەوتووە.. ئینجا ئەنگوستیلەت دۆزیوەتەوە.. (ڕوو ئەکاتە کچەکەی) ڕۆڵە خۆت

گەرم بپێچەرەوە با سەرمات نەبێ.. من و تۆ ئەچین بۆ کۆشک، بۆ لای شازادە خاتوون.

(جلەکانیان لەبەر ئەکەن و دەست بە خۆیاندا ئەهێنن)

**کیژۆڵە**: ئەنگوستیلەکەم بدەنەوە

**پیرێژن**: ئەوە تۆ شێت بوویت؟ ئەنگوستیلەی چی؟

**کچ**: ئەنگوستیلە لای ئێمە نییە!

**کیژۆڵە**: خوشکی خۆشەویستم.. ئەزانم ئەنگوستیلەکەم لای تۆیە تکایە بمدەرەوە.. وا سەبەتەیەک گوڵی حەسرەتم بۆتان هێناوە، ئێستا ئەچن سەبەتەیەک ئاڵتوون وەرئەگرن.. ئەوسا حەزت لە چی بێت ئەیکڕی، بەڵام من هەر ئەو ئەنگوستیلەیەم هەیە.

**پیرێژن**: بەخوا چەتیو هەبێ و نەبێ یەکێک ئەو ئەنگوستیلەیەی بۆ یادگاری داوە پێت بۆیە وا خۆشەویستە لات.

**کچ**: ڕاست ئەکا.. کێ داویەتی پێت؟

**کیژۆڵە**: پێم وتن دۆزیومەتەوە.

**پیرێژن**: باشە، ئەنگوستیلەیەک بە ئاسانی دۆزرابێتەوە ئەم بەزمەی بۆ چییە؟ (ڕوو ئەکاتە کچەکەی) دەی کچەکەم با بڕۆین بۆ کۆشک.

(پیرێژن و کچەکە ئەڕۆن)

**کیژۆڵە**: (بە تەنها ماوەتەوە) ئاخ خوایە.. ئێستا قوڕی کوێ بەسەر خۆمدا بکەم؟ پەنا بۆ کێ بەرم؟ تازە بەبێ ئەنگوستیلەکەش ناتوانم پەنا بۆ مانگە ئازیزەکان بەرم. ئای کڵۆڵا خۆم.. گوڵی حەسرەتەکەش نەما تا بیبەم بۆ شازادە.. ئەنگوستیلەکەشم نەما.. (دڵی پڕ ئەبێت) ئای خوایە گیان کە بەدبەختم.

# بەشی سێیەم

## دیمەنی -١-

(کۆشـکی شـازادە.. هـۆڵێکی گەورەیە.. دارکـاژێکی جـوان و گەلێ ڕازاوە دەبینرێ.. خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی هـاتنی شـازادەن. لە نێو میوانەکاندا نوێنەرانی مەملەکەتانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەسـتاون. مۆسـیقاژەنەکان بە سـەنج و دەهـۆڵ هـاتنی شـازادە ڕادەگەیەنـن، دەرگـا ئەکـرێتەوە، دەسـتوپێوەند و یارویـاوەری شـازادە دێـنە نـاوەوە و بەدوایانـدا شـازادەش دێ کە چەنـد قەرەواشێک لە دوایەوە چمکی کراسە درێژەکەیـان گرتووە. لای دەستەڕاسـتی و دەسـتەچەپی شـازادەوە ڕاوێژکـاری گـشتی و فەرماندەی تایبەتیی کۆشک کە پیاوێکی بەتەمەن و چوارشـانەیە، هەروەهـا خـانمی هـاودەمی شـازادە هەن، پڕۆفیـسۆریش لەنـاو ئامادەبواندایە)

**هەموو**: ساڵی نوێتان پیرۆز

شازادەی گەورە و بەسۆز

شازادە خاتوون: سوپاستان ئەکەم. تا من شازادەتان بم خێر و بەرەکەت بەسەرتاندا ئەباری.. هەموو سەری ساڵێکتان شـادی و بەختەوەری ئەبێت، بەڵام هێشتا سەری ساڵی تازە نەهاتووە.

(ئامادەبوان سەریان لەم قسەیە سورئەمێنێ)

ڕاوێژکاری گشتی: خاتوونی گەورە.. ئەمڕۆ یەکی ڕێبەندانە.

**شـــازادە خـــاتوون**: نەخێـــر وا نیـــیە (ڕوو ئەکـــاتە پڕۆفیـــسۆر) بەفرانبار چەند ڕۆژە؟

**پڕۆفیسۆر**: سی ڕۆژە خاتوون.

**خاتوون**: کەواتە ئەمڕۆ سی و یەکی بەفرانبارە.

هاودەمی شازادە: بە ڕاستی شازادە سوعبەتچییە.

(هەموو پێئەکەنن)

**فەرماندە**: برینی ئەم گاڵتەیەی خاتوون لە برینی شمشێری من کاریگەرترە.. وا نییە جەنابی ڕاوێژکار؟

**ڕاوێژکار**: بەڵێ.. زۆر ڕاستە.

**خـــاتوون**: ئەوەی وتـــم گـــاڵتە نەبـــوو ( هەمـــوو ئامـــادەبوان لە پێکەنـــین ئەوەســـتن) ســـبەینێ ســـی و دووی بەفرانبـــارە و دووسـبەی سـی و سـێ.. (ڕوو لە پڕۆفیـسۆر ئەکـا).. پڕۆفیـسۆر دوای سی و سێ چەند دێ تۆ تەواوی بکە.

**پڕۆفیـسۆر**: سـی و چـوار، سـی و پێـنج، سـی و شـەش، بەڵام خاتوونی شکۆدار شتی وا نابێت.

**خاتوون**: دیسانەوە قسەت لە قسەمدا کردەوە؟

**پڕۆفیسۆر**: بەڵێ خاتوون، ناچارم قسە بکەم، لەسەریشم بدەی قسە ئەکەم.. تەحەممـولم نەمـا.. بەفرانبـار سـی ڕۆژە و تەواو.. ئەمە زانـــستە.. حەوت کەڕەت هەشـــت ئەکـــاتە پەنجاوشـــەش. هەشـت کەڕەت هەشـت ئەکـاتە شەسـت و چـوار.. ئەم شـتانە زانست سەلماندویەتی و ناکرێ پێچەوانەیان بڵێین.

**خاتوون**: باشە باشە پڕۆفیسۆری ئازیز، هەڵمەچۆ.. ئەمجارە ئەتانبەخشم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا سەبەتەیەک گوڵی حەسرەتم بۆ نەهێنن، بەفرانبار کۆتایی نایەت..

**پڕۆفیسۆر**: با قسەی ئێوە بێت خانم، بەڵام چاوتان بە گوڵی حەسرەت ناکەوێ..

**خاتوون**: چاوم پێ ئەکەوێ و تۆش بە چاوی خۆت ئەیبینێت (ئامادەبوان سەریان سووڕئەمێنێ)

**ڕاوێژکاری گشتی**: ئیجازە لە خاتوونی شکۆدار وەرئەگرم تا هەردوو نوێنەری مەملەکەتی خۆرئاوا و مەملەکەتی خۆرهەڵات بێنە حزوور و پەیامی خۆیان پێشکەش بکەن.

(هەردوو نوێنەرەکە دێنە بەردەم شازادە خاتوون و ئەنوشتێنەوە)

**نوێنەری خۆرئاوا**: (بە سەرێکی سفر و دەموچاوێکی پاک و بالایەکی بەرزەوە) شازادەی شکۆدار.. پادشای مەملەکەتی خۆرئاوا بەبۆنەی سەری ساڵی تازەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆیانتان ئاراستە ئەکەن.

**خاتوون**: پیرۆزبایی ئێمەش بگەیەنە بە بەڕێزیان ئەگەر لەوێ سەری ساڵی تازە هاتووە، چونکە وەکو دەزانیت هێشتا لای ئێمە سەری ساڵی تازە نەهاتووە.

(نوێنەری مەملەکەتی خۆرئاوا بە تەریقبوونەوەیەکەوە و بە نوشتاندنەوەوە ئەگەڕێتەوە دواوە)

**نـوێنەری خـۆرهەڵات**: (بـاڵای کـورتە و چوارشـانەیە، ریـشێکی درێژی هەیە. ئەچەمێتەوە)... پادشـای مەملەکەتی خۆرهەڵات لە ناخی دڵەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆیتان پێشکەش ئەکات...

**خاتوون**: (قسەکەی پێ ئەبڕێت) بە بۆنەی چییەوە؟

**نوێنەری خـۆرهەڵات**: بە بـۆنەی... بە بـۆنەی سـەلامەتیی ئێوە و ئەقڵ و داناییتانەوە لەم تەمەنە بچووکەدا..

**خاتوون**: (ڕوو ئەکاتە پرۆفیسۆر) بیستت؟ کەچی تۆ تازە تازە ئەتەوێ شت فێری من بکەیت.

**پرۆفیسۆر**: ئادەمیزادی ئاقڵ تا لە ژیاندا بێت ئەیەوێ فێربێت.

**خاتوون**: ڕاوێژکار

**ڕاوێژکار**: بەڵێ خاتوونی شکۆدار.

**خاتوون**: بۆچی تا ئێستا کەس گوڵی حەسرەتی نەهێناوە؟ تۆ ئەو فەرمانەی ئێمەت بە هەموو خەڵک ڕاگەیاند؟

**ڕاوێژکار**: بەڵێ خاتوونی مەزن.

**خاتوون**: ئەی بۆ کەس گوڵی حەسرەتی نەهێناوە؟

**ڕاوێژکـار**: خـاتوونی مەزن گـوڵی حەسـرەت دەسـت نـاکەوێ. تەواوی باخەوانەکانم ئاگادار کردەوە، ئەوانیش جۆرەها گوڵیان هێنـا، تەنهـا گـوڵی حەسـرەت نەبێـت.. هەموویـان وتیـان گـوڵی حەسـرەت لە مـانگی گوڵانـدا نەبـێ لە هـیچ مـانگێکی تـردا دەستناکەوێ..

**خاتوون**: باشە برایەوە... گوڵان... گوڵان... ئیتر گوێم لەم قسەیە نەبێت. ئەمرۆ تا ئێوارە گوڵی حەسرەتم بۆ پەیدا نەکەن، فەرمان

ئەدەم هەمووتـان بـدەن لە دار.. تێگەیـشتن؟.. پـێم بڵـێ ڕاوێژکـار پەیدانەکردنی گوڵی حەسرەت خەتای کێیە؟

**ڕاوێژکار**: خاتوون.. گەورەی باخەوانان لەوە بەرپرسیارە.

**خاتوون**: کوا گەورەی باخەوانان؟

گەورەی باخەوانـــان: (بە پەلە و بە ترســـەوە دێـــت) بەڵـــێ شازادەی شکۆدار.. (ئەکەوێتە سەر ئەژنۆ)

**خاتوون**: گوێ بگرە گەورەی باخەوانان.. ئەگەر گوڵی حەسرتم بۆ پەیدا نەکەیت، فەرمان ئەدەم لە دارت بدەن.. تێگەیشتیت؟

گەورەی باخەوانان: (زمانی تەتەڵە ئەکات) ئاا..خر.. شـازادەی شکۆدار..

**خـاتوون**: ئاخر و ماخری ناوێ.. لەسەریشی مەڕۆ.. هەر ئەمڕۆ ئەبێ پەیدای بکەیت..

(لەم کـاتەدا ئەفـسەرێکی تـایبەت دێـت و لە بەردەم خاتوونـدا ئەنوشتێتەوە)

**ئەفسەر**: خاوەن شکۆ.. هاتووم تا خەبەری ئەوەتـان بـدەمێ کە سەبەتەیەک گوڵی حەسرەتیان بۆ هێناویت..

(هەموو ئامادەبوان سەرسام ئەبن)

**فەرماندە**: چی؟ چۆن؟ کێ هێناویەتی؟

**ئەفسەر**: پیرێژنێک و کچەکەی.

**خاتوون**: ئادەی خێراکە بیانکەنە ژوورەوە و بیانهێنن.

(هەموو چپەچپەیانە و پێیان سەیرە و ئەڵێن: ئەبێ کێ بێت؟ چۆن شتی وا ئەبێ؟... پیرێژن و کـچەکەی دەهێننە لای شـازادە

(**پیرێژن** و کچەکەی دێن و سەبەتە گوڵەکە بە دەست کچەکەوەیە و بۆ شازادە ئەنوشتێنەوە)

**خاتوون**: ئادەی وەرنە پێشەوە (سەرپۆشی سەر سەبەتەکە لا ئەدات) کەواتە ئەمانە گوڵی حەسرەتن؟

**پیرێژن**: بەڵێ شازادەی خاوەن شکۆ.. ئەمانە گوڵی حەسرەتن و بەم دەستانەی خۆمان لە ژێر بەفرا دەرمانهێناون.

**خاتوون**: (هەردوو دەستی پڕ لە گوڵ ئەکا) ئەمانە گوڵی ڕاستەقینەن. فەرمان ئەدەم هەر یەکە و گوڵێکی حەسرەت لە ئێخەی بدات. کەس گوڵی تر لە خۆی نەدات. (هەندێ گوڵ لە ئێخەی خۆی ئەدات)..

فەرماندە هانێ ئەم گوڵانە بدە لە ئێخەت.

**فەرماندە**: (گوڵەکانی لێ ئەگرێ) سوپاستان ئەکەم خاتوونی شکۆدار. ئەم گوڵانە ئەخەمە ناو جانتایەکی ئاڵتوونەوە.

**خاتوون**: وا باشترە بیانخەیتە پەرداخێ ئاوەوە.

**پرۆفیسۆر**: ئەم قسەیەتان زۆر ڕاستە خاتوونی شکۆدار.

**خاتوون**: من هەموو قسەکانم ڕاستن جەنابی پرۆفیسۆر. وەک چۆن پێم وتیت لە زستانیشدا گوڵی حەسرەت دەست ئەکەوێ، بەڵام تۆ ئەتوت شتی وا نەبووە و نابێت.. هانێ ئەم دانەیەش بۆ تۆ.

**پرۆفیسۆر**: (وەری دەگرێت) خاتوونی شکۆدار، ئێستاش بڕوام وایە کە لە زستاندا ناڕوێ.

**خاتوون**: ئۆوو.. پرۆفیسۆر.. ئەگەر وا گەورە نەدەبوویت خۆم ئەمزانی چیم لێ ئەکردیت، دەی قەیناکا، بە بۆنەی سەری

ساڵەوە ئەتبورم... (ڕوو ئەکاتە هەموان) ئێستا ئەتوانین بڵێین کە مانگی بەفرانبار کۆتایی هات و نۆرەی پیرۆزبایی لێکردنە.

**هەموو**: ساڵی نوێتان پیرۆز

ئەی خاتوونی بە سۆز

(پیرێژن لە خاتوون نزیک ئەبێتەوە)

**پیرێژن**: خاتوونی گەورە لە دڵەوە پیرۆزبایی ساڵی نوێتان لێ ئەکەین.

**خاتوون**: ئەوە تۆ لێرە ماویت؟

**پیرێژن**: بەڵێ خاتوونی گەورە.. بە سەبەتە بەتاڵەکەمانەوە چاوەڕێی پاداشتەکەی ئێوەین.

**خاتوون**: ئۆو.. بەڵێ.. ئادەی گەورەی ڕاوێژکاران فەرمان بدەن سەبەتەکەیان پڕ بکەن لە ئاڵتوون.

گەورەی ڕاوێژکاران: پڕاوپڕی سەبەتەکەیان خاتوون؟

**خاتوون**: بە قەدەر ئەو گوڵانەی هێناویانە.

گەورەی ڕاوێژکاران: بەسەرچاو خاتوونی خاوەن شکۆ.

(سەبەتەکە ئەبات و ئەڕوات)

**خاتوون**: (بە گیانێکی سەرکەوتوانەوە)... پڕۆفیسۆر.. وا بینیمان کە هێشتا مانگی گوڵان نەهاتووە، بەڵام گوڵی حەسرەت پەیدابوو.. تۆ ئەڵێی چی؟

**پڕۆفیسۆر**: من ئێستاش بڕواناکەم شتی وا ڕوو بدات.

نوێنەری مەملەکەتی خۆرئاوا: لە ڕاستیدا شازادە ئەمە شتێکی زۆر سەیرە و خۆزگە ئەم دوو ئافرەتە بۆیان باس ئەکردین چۆن ئەم گوڵی حەسرەتەیان پەیداکردووە؟

نوێنەری مەملەکەتی خۆرهەڵات: بە ڕاستی منیش سەرم سوڕماوە و حەزئەکەم بزانم ئەم گوڵانەیان چۆن پەیداکردووە.

**خاتوون**: (ڕوو ئەکاتە پیرێژن و کچەکەی) ئادەی بۆمان باس بکەن، بابزانین ئەم گوڵانەتان لە کوێ پەیداکردووە؟ (پیرێژن و کچەکەی نوتق ناکەن)

چییە بۆ وا بێدەنگن؟

**پیرێژن**: (بە کچەکەی) تۆ پێی بڵێ.

**کچ**: خۆت پێی بڵێ.

**پیرێژن**: (لە خاتوون ئەچێتە پێشەوە و دەنگی پاک ئەکاتەوە)..

شازادەی شکۆدار.. دوای ئەوەی فەرمانەکەی جەنابتانمان بیست، هەردووکمان.. واتە من و کچەکەم بڕیارمان دا هەرچۆنێک بووە ئەو گوڵەت بۆ پەیدا بکەین.. هەرچەندە خەریک بوو ژیانمان لەدەست بدەین و لە سەرمانا ڕەق بینەوە، بەڵام ئەوەی لای ئێمە گرنگ بوو ئەوە بوو کە فەرمانەکەی ئێوە جێبەجێ بکەین، بۆیە دەستمان دایە بێڵ و گسک و بەرەو ناو دارستانەکە چووین، ئیتر خەریک بوو ڕەق ئەبووینەوە...

**خاتوون**: ئێ... ئەی دوایی؟

**پیرێژن**: تا دەهات بەفر زیاتر ئەباری و دارستانەکەش تاریکتر ئەبوو.. ئیتر نازانم چۆن بەرگەی ئەو سەرما و تاریکییەمان گرت...

**خاتوون**: دەی تەواوی کە.

**پیرێژن**: بەڵێ شازادەی شکۆدار، ئیتر ئەوە بوو گەیشتینە شوێنێکی زۆر سەیر، ئەوەندە سەیر کە زمانم لە ئاستیدا لاڵە.

بەفر درەختەکانی داپۆشیبوو، لە ناوەڕاستیشدا دەریاچەیەک هەبوو لە قاپێکی گەورەی خڕ دەچوو، ئاوەکەی نەیبەستبوو مراوییەکانیش لە ناو ئاوی دەریاچەکەدا مەلەیان ئەکرد.. قەراغی دەریاچەکە هەمووی گوڵ بوو..

**خاتوون**: هەمووی گوڵی حەسرەت بوو؟

**پیرێژن**: نەخێر، شازادەی شکۆدار، لە هەموو جۆرە گوڵێک، گوڵی وای تیابوو، یەکەمجارم بوو ببینم. (گەورەی ڕاوێژکاران سەبەتە پڕ ئاڵتوونەکە دەهێنێت و لای پیرێژن و کچەکەیەوە، لەسەر زەوییەکە دایدەنێت. پیرێژنیش کە هەر چاوی لەسەر سەبەتە ئاڵتوونەکەیە، لەسەر گێڕانەوەکەی خۆی بەردەوام دەبێت)... ئیتر گوڵ ئەو ناوەی داپۆشیبوو..

گەورەی ڕاوێژکاران: ئەی وەکو بزانیت قارچکی لێ بوو؟

**کچەکە**: بەڵێ.. قارچکیشی لێ بوو.

گەورەی ڕاوێژکاران: ئەی میوە؟

**کچەکە**: هەموو جۆرە میوەیەکیش.

**پرۆفیسۆر**: چی؟!! گوڵی حەسرەت و قارچک و میوە، لە یەک شوێن و لە یەک وەرزدا!، مەحاڵە..

پیرێژن: ئاخر جەناب، سەیرەکە لەوەدایە هەموو ئەوانەی لێ بوو.

نوێنەری خۆرئاوا: ئەی هەڵووژەی لێ بوو؟ من حەزم لە هەڵووژەیە..

**پیرێژن**: ئەرەوەڵڵا، هەڵووژەشی لێبوو.

نوێنەری خۆرهەڵات: ئەی گوێز؟

**کچەکە**: گوێزیش.

خـاتوون (دەسـتەکانی تێکدەخشێنێت) بەخـوا سـەیرە، کەواتە دەبێ هەرئێستا بچیتەوە بۆ ئەو شوێنە و هەندێ قارچک و گوێز و هەڵووژەمان بۆ بهێنیت.

**پیرێژن**: ئەی هاوار، شازادەی شکۆدار!

**خاتوون**: چییە؟ ئەتەوێ نەچیت؟

**پیرێژن**: شازادەی شکۆدار، ئەو شوێنە زۆر دوورە.

**خـــاتوون**: لەوە ناچێـــت دووری وا بێـــت، ئـــێمە دوێنـــی فەرمانەکەمان دەرکردبوو، تۆ ئەمڕۆ گوڵەکانت هێنا.

**پیرێــژن**: ڕاســت ئەفەرموویــت، بەڵام خەریکبــوو لە ســەرمادا ڕەق ببینەوە.

**خــاتوون**: ئــێ باشــە، ڕائەســپێرم، دوو پــاڵتۆی ئەســتوور و گەرمتـان بـۆ بێـنن (ڕوو لە خزمەتکارێـک دەکـات) ئـادەی خێـرا، دوو پاڵتۆی خوریی باشیان بۆ بێنن.

**پیرێژن**: (بە ئەسپایی بە کچەکەی دەڵێت) چی بکەین؟

**کچ**: (بە ئەسپایی) هەر ئەو ئەنێرینەوە.

**پیرێژن**: (هەر بە ئەسپایی) جا تۆ بڵێی ئەو شتانەی بۆ پەیدا بکرێ؟

**کچ**: دڵنیام پەیدای دەکات

**خاتوون**: ئەو چپەچپەتان لە چییە؟

**پیرێـژن**: شـازادەی شـکۆدار، باسـی ئەوە ئەکەیـن کە ئەبـێ بە یەکجـاری خواحـافیزی بکەیـن، چـونکە ئەو ڕێـیە ڕێـی هـات و نەهـاتە، بەڵام ئێمە فەرمـانەکەی ئێوە ئەخەینە سـەر سـەرمان و

ئەڕۆین. با پاڵتۆکانمان بۆ بێنن تا بکەوینە ڕێ (دەست بۆ سەبەتە ئاڵتوونەکە دەبات و هەڵیدەگرێ)

**خاتوون**: هەر ئێستا پاڵتۆکانتان بۆ ئەهێنی، بەڵام جارێ ئەو سەبەتە ئاڵتوونەکە دابنێرەوە با لێرە بێت. کەی هاتنەوە بۆتان ئەکەم بە دوو سەبەتە ئاڵتوون.

(خزمەتکارەکان پاڵتۆکانیان بۆ ئەهێنن)

**پیرێژن**: شازادەی شکۆدار، زۆر سوپاس بۆ ئەم پاڵتۆیانە. ئیتر ئێمە ئەبێ بڕۆین و تا یەک ئەبینینەوە خوا ئاگای لێتان بێت.

(ئەنوشتێتەوە و ئەیانەوێ بڕۆن)

**خاتوون**: بوەستن. (دەستەکانی لێکدەخشێنێت) پاڵتۆکەی منیش بێنن، هەموو خۆتان بپێچنەوە و ئەسپەکان زین بکەن.

**گەورەی ڕاوێژکاران**: خاتوونی شکۆدار.. بەتەمای کوێن؟

**خاتوون**: (لەسەر کورسییە شاهانەکەی هەڵدەستێت) بۆ دارستان، بۆ دەریاچەی خڕ، بەرەو ئەو شوێنەی ئێستا قارچک و گوێز و هەڵووژەی لێیە، دەی با بڕۆین.

نوێنەری خۆرئاوا: بە ڕاستی ئەمە جوانترین پێشنیارە بۆ سەری ساڵی نوێ.

**نوێنەری خۆرهەڵات**: ئەمە ئەوپەڕی حیکمەتە.

**خاتوون**: ئەم دوو ئافرەتە بخەنە یەکەم گالیسکەوە تا لە پێشەوە بن و ڕێنیشاندەرمان بن، (خاتوون و ئەوانی تر خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە دەکەن)

**کچ**: ئای قوڕمان بە سەر.

**پیرێـــژن**: (بە ئەســـپایی) وس بە! (ڕوو لە شـــازادە ئەکـــات)... شازادە خاتوون.

**خاتوون**: فەرموو. ئەڵێی چی؟

**پیرێژن**: دەڵێم پێویست ناکات لەم کارەدا پەلە بکەین و نابێ ئێوەی شکۆدار بۆ ئەو دارستانە بچن.

**خاتوون**: لەبەر چی؟

**پیرێژن**: دەزانی چی بەفری لێیە! ڕێ دەرناکەیت.

**خاتوون**: تۆ توانیوتە ڕێ بۆ خۆت بکەیتەوە، قابیلە من نەتوانم. هەر ئێستا فەرمان دەدەم لەوێ ڕێگایەکی پان و گەورەمان بۆ لێدەن...

(ڕوو لە فەرماندەی کۆشک دەکات)... ئادەی کۆمەڵێک کرێکار بە بێڵ و خاکەنازەوە ئامادە بکەن و با چەکداریشیان لەگەڵدا بێت و هەر ئێستا بەرەو دارستانەکە بڕۆن.

**فەرماندە**: بەسەرچاو شازادە خاتوون.

**خـــاتوون**: باشـــە، هەمـــوو ئامـــادەن؟ دەی بـــکەونە ڕێ (بەرەو دەرگاکە دەڕوات).

**پیرێژن**: شازادە خاتوون.

**خاتوون**: ئامادە نیم گوێم لە هیچی تر بێت. تا دەگەینە ئەوێ نامەوێ هیچت لێ ببیستم. دەی ڕێگای دەریاچەکە لە کوێوەیە؟

**پیرێژن**: شازادە خاتوون، دەریاچەکە دیارنەماوە.

**خاتوون**: مەبەستت چییە؟!

**پیرێـژن**: بەرلەوەی بەرەو ئێرە بێین، ئەوەندە بەفر باری، کە دایپۆشی و لە چاو ون بوو.

**خاتوون**: ئەم قسانەچین؟ (بە ڕووگرژییەوە بە پیریێژن دەڵێت) دەتەوێ دەستمان ببڕیت؟

**پیریێژن**: حەددم چییە شازادە خاتوون.

گەورەی ڕاوێژکاران: ئەم فێڵبازانە دەبێ کەلەپچە بکرێن و بخرێنە زیندانەوە، من هەر لە ئەوەڵەوە زانیم ئەمانە درۆزنن و مەبەستیان سەبەتە ئاڵتوونەکەیە.

**پرۆفیسۆر**: شازادە خاتوون، بمبوورن، بەڵام من هەر زوو پێم وتن کە بەم زستانە گوڵی حەسرەت و گوێز و قارچک مەحاڵە بڕوێن.

**خاتوون**: (گوڵە حەسرەتەکان لە خۆی ئەکاتەوە) ئەی کەواتە ئەمانە چین؟

**پرۆفیسۆر**: (بە دەنگێکی کزەوە) گوڵی حەسرەتن.

پیریێژن و کچەکەی: گوڵی حەسرەتی ڕاستەقینەن شازادە خاتوون.

**خاتوون**: (لەسەر کورسییەکەی دادەنیشێتەوە و تووڕە دەبێت) کەواتە گوێ بگرن، ئەگەر پێم نەڵێن ئەم گوڵی حەسرەتانەتان لە کوێ هێناوە، هەرئێستا فەرمان دەدەم سەرتان لە لەشتان جیابکەنەوە.

(فەرماندەی تایبەت شمشێرەکەی دەردەهێنێت و پیریێژن و کچەکەی لە ترساندا دەکەونە سەرچۆک)

**پیریێژن**: (دەگری) شازادە خاتوون، بەخوا خۆشمان نازانین.

کچ: ئێمەش نازانین!

**خاتوون**: چۆن شتی وا دەبێت؟ سەبەتەیەک گوڵی حەسرەتتان هێناوە و دەشڵێن نازانین لە کوێ هێناومانە؟

**پیرێژن**: ئاخر ئێمە گوڵەکانمان لێ نەکردۆتەوە.

خاتوون: ئێوە لێتان نەکردۆتەوە؟ ئەی کێ لێی کردوونەتەوە؟

**پیرێژن**: زرکچەکەم لێی کردوونەتەوە خاتوونی شکۆدار. لەبەر خاتری من چوو بۆ دارستانەکە و ئەو سەبەتە گوڵەی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە.

**خاتوون**: ئاوا؟ ئەوتان ناردووە بۆ دارستانەکە و گوڵەکانی پەیدا کردووە، کەچی خۆتان هاتوون بۆ ئێرە؟ ئەی ئەوتان لەگەڵ خۆتان بۆ نەهێناوە؟

**پیرێژن**: شازادە خاتوون، ئاخر دەبوایە یەکێکمان لەوێ بوایە تا ئاگای لە ماڵەکە بێت.

**خاتوون**: جا خۆت لە ماڵەوە بوویتایە و ئەوت بناردایە بۆ ئێرە.

**پیرێژن**: شازادە خاتوون، ئەو دەڵێی جانەوەرێکی بچکۆلەیە، دەترسێ لە خەڵک نزیک بێتەوە.

**خاتوون**: بەڵام ئەو جانەوەرە بچووکە دەتوانێ ئەو ڕێگایەمان پیشان بدات کە بەرەو باخی گوڵی حەسرەت دەچێت.

**پیرێژن**: ڕاست ئەفەرموون، بەڵام تا بڵێی کەللەڕەقە، دەترسم شتی وا نەکات.

**خاتوون**: من لەو کەللەڕەقترم، قابیلە من فەرمانی پێ بکەم بە قسەم نەکات؟! با ببینم، ئەگەر ئازایە با فەرمانەکەم جێبەجێ نەکات.

**پیرێژن**: شازادە خاتوون ئەگەر فەرمانەکەتی جێبەجێ نەکرد، ئەوا فەرمان بدەن یەکسەر ملی بپەڕێنن.

**خـاتوون**: مـن خـۆم ئەزانـم ملـی کـێ دەبـێ بـپەڕێ (لەسـەر کورسـییەکەی هەڵدەسـتێ) باشـە، کەواتە بڕیارەکەمـان ئەمەیە: ئەمـڕۆ هەموومـان ئەچـین بـۆ چنیـنەوەی گـوڵی حەسـرەت و قارچک و گوێز و هەڵـووژە. (ڕوو دەکـاتە پیرێـژن و کـچەکەی) ئێوەش خێرا بـڕۆنەوە بۆ ماڵەوە و ئەو زرکچەت بێنە کە پێی دەڵێیت جـانەوەری بچکـۆلە، ئـێمە لای دەروازەی کۆشـکەوە بە گالیـسکەکانمانەوە چاوەڕێتـان ئەکەیـن. ئەگەر زوو نەیەنەوە، پاسەوانەکانم ئەنێرم بە شوێنتاندا.

**پیرێـژن**: بە سـەرچاو، شـازادە خـاتوون، هەر بە ڕاکـردن ئەڕۆینەوە، بەڵام پێویست ناکات بەم سەرمایە هەر لە ئێستاوە لە بەردەم دەروازەی کۆشـکدا چاوەڕێمـان بـکەن. سـەرماتان ئەبێـت، چـونکە تـا قەنـاعەتی پـێ ئەکەم بە لایەنـی کەمەوە نیوسەعاتی ئەوێت.

**خـاتوون**: نیـو سـەعات؟ (ڕوو لە پرۆفیـسۆر دەکـات).. نیـو سەعات چەند خولەک دەکات؟

**پرۆفیسۆر**: شازادە، هەر سەعاتێک شەست خولەکە، کەواتە نیو سەعات نیوەی شەست خولەکە.

**خاتوون**: ئێستا وەختی لێکدان و دابەشکردن نییە، پێم بڵێ نیو سەعات چەند خولەکە؟

**پرۆفیسۆر**: سی خولەکە، شازادە.

**خاتوون**: ئەی چەند چرکەیە؟

**پرۆفیسۆر:** هەزار و هەشتسەد چرکە.

**خاتوون:** هەزار و هەشتسەد چرکە! ئای خوایە کە زۆرە (ڕوو لە پرۆفیسۆر دەکات) ئەزانم چەند دڵت بەم ژمارە زۆرانە ئەکرێتەوە. (بە پیرێژن و کچەکە دەڵێت) دەی خێراکەن، بڕۆن و ئەو کیژۆڵەیە بێنن.. (بە پرۆفیسۆر) پرۆفیسۆر، تۆش دەست بە ژماردنی چرکەکان بکە تا دێنەوە.

**پرۆفیسۆر:** بەڵێ باشە، شازادە خاتوون (دەست دەکات بە گیرفانیدا و سەعاتێک دەردەهێنێت و دەیگرێت بە دەستییەوە).. یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج........

# دیمەنی-٢-

(کوختەکەی پیرێژنە، کیژۆڵە لەسەر چرپایەک دانیشتووە و نوقمی خەیاڵاتە، لە پڕێکدا دەرگاکە دەکرێتەوە و پیرێژن و کچەکەی خۆیان دەکەن بە ژووردا)

**کچ:** (بە زمانێکی شیرین) خوشکە ئازیزەکەم.

**پیرێژن:** کچە خۆشەویستەکەم.

**کیژۆڵە:** (حەپەساوە، سەیری ئەملاولای خۆی دەکات) ئەوە بانگی کێ دەکەن؟

**پیرێژن:** بەساقەی سەرت بم قابیلە جگە لە تۆ بانگی کێ بکەین.

**کیژۆڵە:** بە ڕاست؟ دیارە ئاڵتوونەکەتان وەرگرتووە.

**پیرێژن:** نەوەڵڵا ڕۆڵە، هیچیان نەدا پێمان.

**کیژۆڵە:** بۆ؟! ئەی گوڵی حەسرەتەکەتان بۆ نەبردن؟

**کچ:** ئاخ لەدەست ئەم گوڵە نەفرەتییانەی تۆ. ئەڵێن دەبێت بچنەوە بۆ دارستان و گوڵی حەسرەتی تر و گوێز و قارچک و هەڵووژەشمان بۆ بێنن، تۆ دەتوانیت بچیتەوە بۆ ئەوێ و ئەو شتانە پەیدا بکەیت؟ (کیژۆڵە وەڵام ناداتەوە) دەی خوشکی خۆم، وتت چی؟ حەز ئەکەیت منیش لەگەڵتا دێم. دەی بۆ قسە ناکەیت؟

**پیرێژن:** گوێ بگره کچم... وەختمان بە دەستەوە نییە. ئەگەر بچیت و ئەو شتانە پەیدا بکەیت، ئەوا ئەبیت بە خاوەنی جلوبەرگی جوان، پێڵاوی تازە، ملوانکە، گوارە، بازن، پاڵتۆی نەرم و گەرموگوڕ، بەڵام ئەگەر نەچیت و ئەو شتانە پەیدا نەکەیت ئەوا سەعاتێکی تر نابات کۆتایی بە ژیانمان ئەهێنن. ها، وتت چی؟

**کیژۆڵە:** ناتوانم بچم.

**پیرێژن:** باشە، کچم، وەکو خۆت ناتوانیت بڕۆیت، هیچ نەبێ ڕێگاکەمان پیشان بدە. خۆ ئەمەیان ئەتوانیت..

**کیژۆڵە:** ناتوانم....

**پیرێژن:** (باوەش بە کچەکەی خۆیدا دەکات) کچەکەم حاڵمان خراپە، نە ئەوانەی کۆشک بەزەییان پێماندا دێتەوە نە ئەمەش.

**کچەکەی:** ئای دایە گیان، زۆر ئەترسم. خەریکە دڵم ئەوەستێت. دایە، توخوا بمشارەوە با نەمکوژن..

**پیرێژن:** کچم لە کوێدا بتشارمەوە، بەخوا لە کونە هەتیتەشدا بێت ئەماندۆزنەوە، وەی توخوا ڕۆڵە شیرینەکەم (دەست دەکەن بە گریان).

**کیژۆڵە:** (بەزەیی پیایاندا دێتەوە) مەگرین، هەوڵ ئەدەم شتێک بکەم. سەبەتەکەم بدەنێ.

**پیرێژن:** بەساقەی سەرت بم کچە میهرەبان و دڵباشەکەم (سەبەتەیەکی بۆ دەهێنێت) هانێ ئەم سەبەتەیە بەرە.

**کچەکە:** دایە، سەبەتەیەکی گەورەتر نەبوو؟

**پیرێژن:** نەوەڵڵا، ئەوە گەورەکەیانە.

**کیــــژۆڵە**: بەڵام بەرلەوەی بــــڕۆم ئەبــــێ ئەنگوســــتیلەکەم بدۆزمەوە، جا ئەگەر لای ئێوەیە بمدەنەوە، ئینجا ئەڕۆم.

**پیرێــژن**: بەسـاقەت بـم جـا ئەنگوسـتیلە چیـیە، لێت کەوتبـوو، خوشکەکەت دۆزییەوە.

**کیژۆڵە**: دە کەواتە بمدەنەوە.

**پیرێــژن**: هەی دادوبێـداد، ڕۆڵە ئەمـــڕۆ شــازادە خــاتوون ئەنگوستیلەکەی لێ سەندین و وتی کەی چوونەوە بۆ دارستان و سـەبەتەیەکی تـر گـوڵی حەسـرەت و هەڵـووژە و قارچـک و گوێزتان هێنا، ئەوسا لەگەڵ ئاڵتوونەکەدا ئەتاندەمەوە.

**کیژۆڵە**: چۆن بەو ئەنگوستیلەیەی زانی؟

**پیرێــژن**: خەتـای خوشـکە گەمـژەکەت بـوو. ئەنگوسـتیلەکەی کردبـووە پەنـجەی تـا لەنـاو کۆشـکدا خـۆی پێـوە بابدات. ئیتـر بریسک و هوڕی زۆربوو، شازادە بینیی و داوای کرد.

**کچەکە**: دایکم ڕاست ئەکات، خەتای من بوو، تا هاتوینەتەوە بـۆ مـاڵەوە دایکـم هەر لـۆمەی کـردووم، بەڵام شـازادە وتـی ئەتاندەمەوە.

**کیژۆڵە**: ئەو ئەنگوستیلەیەی بۆ چییە؟ پڕ لە کۆشکەکەی زێر و زیوە. چ پێویستی بەوەیە (دادەنیشێتەوە).

**کــچەکە**: (بە ترســـەوە) ئەوە دانیـشتیتەوە؟ یەعنـــی نــاتەوێ بڕۆیت؟ ئەتەوێ لێت بپاڕێمەوە؟

**کیــژۆڵە**: نــا پێویـست ناکـا لـێم بپـاڕێیتەوە، بەڵام نەدەبـوو ئەنگوسـتیلەکەی مـن ببەیـت و بیـدەیت بە شـازادە، مـن ئەڕۆم، بەڵام ئەی تۆ بۆ کوێ خۆت ئامادەکردووە؟

**کچەکە**: منیش لەگەڵتدا دێم تا بە تەنیا نەبیت.

**کیژۆڵە**: ئەی جاری پێشوو بۆ لەگەڵمدا نەهاتیت؟ نابێت، یان من ئەڕۆم یان تۆ.

**کچەکە**: باشە، کەیفی خۆتە، هەر خۆت بە تەنیا بڕۆ، بەڵام توخوا خێراکە، خێرا، زوو وەرەوە.

**کیژۆڵە**: خواحافیز (دەڕوات)

(پیرێــژن و کــچەکەی بەرەو پەنــجەرەکە ڕادەکەن و بە هەڵمــی هەناسەیان شووشەی پەنجەرەکە دەسڕنەوە و سەیری کیژۆڵە دەکەن).

**پیرێــژن**: گەیـشتە پـێچەکە، بەڵام زۆر لەسـەرخۆ ئەڕوات، کچـم خێراکە و دوای بکەوە. منیش دەڕۆمەوە بۆ کۆشک تا بە شازادە خاتوون بڵێم کە جانەوەرەکەم نارد بۆ دارستان... ئاگات لە خۆت بێت نەتبینێت، هەر ئاوڕ بداتەوە و بتبینێت، ئیتر هەموو شتێکمان لێ تێک ئەچێت.

**کچەکە**: ئەزانم دایە، تۆش کە بە گالیسکەوە هاتن بە دوامدا وریا بێت. بڕۆ دەستەیەک قردێلەی ڕەنگاوڕەنگم بۆ بێنە.

**پیرێژن**: قردێلەت بۆ چییە کچم؟ وەختی یاریکردن نییە!.

کچەکە: یاریکردنی چی دایە! قردێلەکان بە درەختەکانەوە گرێ ئەدەم تا ڕێگاکەت لێ تێک نەچێت و بزانیت لە کوێوە دێن بۆ لامان.

پیرێــژن: ئەک لە دەوری ئەو ئەقـڵەت گەڕێـم کـچە جـوان و زیرەکەکەم.. هەر ئێستا ئەچم بۆت ئەهێنم..

-تاریکی-

# بەشی چوارەم

## دیمەنی -١-

(دیمەن هەمان دیمەنی یەکەمی بەشی دووەمە، دوو سمۆرە بەسەر لقی دارکاژ و سنەوبەرەوەن)

**سمۆرە**(١): سڵاو سمۆرەی ئازیز.

**سمۆرە**(٢): سڵاو ڕوحی ڕەوانم.

**سمۆرە**(١): ساڵی نوێشت پڕ لە شادی بێت.

**سمۆرە**(٢): ساڵی نوێی خۆشت پڕ لە بەختەوەری بێت.

**سمۆرە**(١): (میوەیەکی بۆ فڕێ ئەدات) هانێ، بیگرەرەوە و بیخۆ.

**سمۆرە**(٢): (ئەویش میوەیەکی تری بۆ فڕێ ئەدات) کەواتە تۆش بگرە.

**قەلەڕەش:** (لە ناکاو پەیدا دەبێت) قاڕ... قاڕ.. سڵاو سمۆرەکان.

**سمۆرە**(١): سڵاو باپیرە، ساڵی نوێت پیرۆز.

**سمۆرە**(٢): ساڵی نوێت پیرۆز باپیرە، حاڵ و ئەحواڵت چۆنە؟

**قەلەڕەش:** خراپ نیم، هەر وەکو جارانم.

**سمۆرە**(١): ئەمە چەندەمین جارە جەژنی سەری ساڵ بکەیت؟

**قەلەڕەش:** سەد و چل.

**سمۆره**(٢): ماشەڵڵا تەمەنت زۆرە.

**قەلەڕەش:** ماشـەڵڵا لە عەزیـزت. وەڵـڵا ڕۆڵە ئیتـر بڵـێم چـی. مردن منی لە بیرچۆتەوە.

**سمۆره**(١): باپیرە، ڕاستە ئەڵێن تۆ هەموو شتێک ئەزانیت؟

قەلەڕەش: بەڵێ ڕاستە.

**سمۆره** (٢): کەواتە بۆمان باس بکە، ئەو شتانەی بینیوتن.

**سمۆره**(١): ئەو شتانەش کە بیستووتن.

**قەلەڕەش:** جا ڕۆڵەکانم ئەوە ئەبێت بە حیکایەتی خورشید و خاوەر.

**سمۆره**(١): باشە، بە کورتی.

**قەلەڕەش:** بە کورتی؟ باشە، قاڕڕ..

**سمۆره**(٢): بەو کورتییەش نا..

**قەلەڕەش:** قاڕ... قاڕ.. قاڕڕ..

**سمۆره**(١): جا وەڵڵا ئێمە هەر هیچ لەو قاڕە قاڕە تێناگەین.

**قەلەڕەش:** ئاخر ئێوە پێویستتان بەوەیە فێری زمانی بێگانە بن.

**سمۆره**(١): لەم دارسـتانەدا جۆرەهـا هـۆز و تیـرەی تیـایە و هەریەکە بە زمانێک قسە ئەکەن..

**سمۆره**(٢): مـن لە زمـانی کەروێـشک تێـدەگەم. کاتێـک گورگەکانیش ئەلوورێنن، ئەزانم چی ئەڵێن، بەڵام لە زمـانی ورچ و گۆڕهەڵکەنە هیچ تێناگەم.

**قەلەڕەش:** هەوڵبـدەن ئەو زمانـانە فێـربن، چەنـد زیـاتر زمـان بزانیت، ئەوەندە زیاتر لە دنیا تێدەگەیت.

(کەروێشک پەیدا دەبێت)

**سمۆرە**(١): سڵاو کلک کوڵ، ساڵی نوێت شاد.

**سمۆرە**(٢): ساڵی نوێت پیرۆز کلک کوڵ.

کەروێشک: پیرۆز لە هەموو لایەک. ئەرێ مام گورگتان نەدیوە؟

**سمۆرە**(١): مام گورگت بۆ چییە؟

**سمۆرە**(٢): بۆ بە دوایدا ئەگەڕێیت؟

**کەروێشک**: کوڕە باوکم کەی من بە دوای ئەودا ئەگەڕێم، ئەو بە دوای مندا ئەگەڕێت. ئەمەوێ خۆمی لێ بشارمەوە.

**سمۆرە**(١): دە باشە، وەرە سەرەوە بۆ لای ئێمە، لانەکەی ئێمە هەم گەرمە و هەم سەلامەتە،کە گورگەکەش هات، ئێمە ڕێی لێ هەڵە ئەکەین.

**کەروێشک**: ئاخر ئەترسم ببم بە ئەرک بە سەرتانەوە.

**سمۆرە**(٢): دە مەکر مەکە و سەرکەوە.

(کەروێشک سەردەکەوێت، هەر کە ئەچێتە لانەکەوە، پاش کەمێک گورگ پەیدا دەبێت)

**گورگ**: وا هەست ئەکەم لەم ناوە بێت، ئەمجارەیان نابێ ئەو کلک کوڵە لە دەستم ڕزگاری بێت.

سمۆرەکان، ئەرێ کەروێشکتان نەدیوە؟

سمۆرە(١): بەرەوەڵڵا بینیمان. هەر بە دوای تۆدا ئەگەڕا. ئەیوت مام گورگ کوا..

**گورگ**: دە باشە لە کوێوە ڕۆیشت پێم بڵێن.. بەخوا منیش دەمێکە نەمبینیوە، زۆر بیری ئەکەم.

**سمۆرە**(١): ئا لەوێوە ڕۆیشت.

گورگ: ئای بەساقەتان بم، خواحافیز.
(کە مام گورگ ئەڕوات، پێدەکەنن)
**سمۆرە**(٢): ئەرێ بە ڕاست، تۆ هیچ نابینیت؟
**سمۆرە**(١): وەکو چی؟
**سمۆرە**(٢): دوو کچ ئەبینم بەرەو ئێرە دێن.
**سمۆرە**(١): کێن؟
**سمۆرە**(٢): یەکێکیان کچەکەی دوێنێیە، بەڵام ئەوی تریان ناناسم، وا لە پشتی دارێکیشەوە خۆی شاردەوە، با بچینە لانەکانمانەوە، وا هاتن (دەچنە لانەکانیانەوە)
(کیژۆڵە پەیدا دەبێت)
**کیژۆڵە**: ئەوە دەوەنە بچووکەکەیە و ئەوەش داربەڕووە پیرەکەیە. بەر لەوەی ئاگرەکە ببینم لەسەر ئەو لقە دانیشتبووم، بەڵام ئەی ئەو دووڕیانە کوا کە مانگە براکان پێیان وتم؟ ڕێی دەستەڕاست بەرەو ئایندەت دەبات، بەڵام ڕێی دەستەچەپ بۆ هیچ کوێ ناچێت.. سەیرە، ڕێگای دەستەچەپ خۆشتر و پانترە لە ڕێی دەستەڕاست، دەریاچەیەکیش لەسەر ئەو ڕێیە بەدی ئەکەم. ڕێی دەستەڕاست باریک و ناخۆشە. باشە ئەگەر من ئەوەم نەزانیایە، لەوانەبوو ڕێگا ئاسانەکەم هەڵبژاردایە، بەڵام نا، ڕێگا سەختەکە هەڵدەبژێرم.
(کیژۆڵە خەریکە ڕەفتەکەی سەری توند گرێ ئەداتەوە و ڕێی ڕاست ئەگرێتە بەر، لەم کاتەدا هەردوو سمۆرەکە دێنە دەرێ و یەکێکیان بەری دارێک و ئەوی تریان تۆپەڵە بەفرێک ئەگرنە کچەکەی کە دوای کیژۆڵە کەوتووە و ئەویش هاوار ئەکات).

**کچەکە**: ئایی...

**کیـژۆڵە**: (بە حەپەسـاوی) ئەوە کێـیە؟ (لقەکـان ئەتەکێنێـت و لایاندەبات و کچەکە دەبینێت) ئەوە تۆیت؟! چی هێناتی بۆ ئێرە؟

**کچەکە**: هـا..! زۆر ماندووم مـن بەرگەی ئەم بەفر و سـەرمایە نـاگرم. تـۆ چـۆن ئەتوانیـت وا بە ئاسـانی بە نـاو ئەم بەفـرەدا بڕۆیت؟

**کیژۆڵە**: جا کێ پێی وتوویت دوام بکەوە؟ ئەی نەمانوت یا من یان تۆ، یەکێکمان دێین.

**کچەکە**: ئاخر دایکم زۆری لێ کردم بێم بە دواتدا.

**کیژۆڵە**: ئاوا؟ دە کەواتە فەرموو با بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە. من یەک هەنگاوی تر نانێم.

**کچەکە**: تـازە نـاتوانین بگەڕێـینەوە. ئەی گوێت لە دەنگـی ئەو گالیسکانەی سـەر بەفر نییە وا بەرەو ئێـرە دێن؟ ئەوە شـازادە خاتوون و دەست و پێوەندەکانیەتی.

**کیژۆڵە**: ئەی ئەوان چۆن ئێرەیان دۆزییەوە؟

**کچەکە**: کە دوای تـۆ کەوتـم، قـردێلەم کـرد بە دارەکـانی سـەر ڕێگاوە (پێدەکەنێ) ئەمجارەیان تێکەوتیت،وا نییە؟ ئێستاش ئەبێ ڕێگەکەمان پیشان بدەیت..

**کیژۆڵە**: ئای کە گەمژە بووم.

**کچەکە**: نا، گەمژە نەبوویت، ڕاستگۆ بوویت. تازە وەختـی ئەم قسانە نییە. وەکو پێم وتیت لەسـەر ڕۆیشتنەکەت بەردەوام بە، چونکە ناتوانیت بگەڕێیتەوە.

کیژۆڵە: (ڕەفتەکەی سەری چاک دەکات) ناتوانم بگەڕێمەوە؟ زۆر باشە کەواتە با بڕۆین.

کچەکە: لە کام ڕێگایەوە بڕۆین؟

**کیـژۆڵە**: (دەسـت بـۆ ڕێگـای لای چەپ درێـژ دەکـات).. لەم ڕێگایەوە.

**کچەکە**: ئای کە ڕێگایەکی پان و خۆشە. ترسام ئەو ڕێگایەی تر بێت.. دەی پێشم بکەوە (کە کیژۆڵە پێش دەکەوێت، ئەمیش قردێلەیەک بە دارێکی سەر ڕێگاکەوە دەبەستێت)

**کیــژۆڵە**: (ئـاوڕ ئەداتەوە) ئەوە چـی دەکەی؟ قردێلەیـان بە نیشانە بۆ دادەنێیت؟

**کچەکە**: بەڵێ.

**کیـژۆڵە**: بە قسەم بکە و شتی وا مەکە، چونکە شتێکی باش ناکەیت.

**کچەکە**: تۆ هەقت نەبێت، من خۆم ئەزانم چی ئەکەم.

(کیـژۆڵە ڕێگـای دەسـتەچەپ ئەگـرێتە بەر و کـچەکەش بە دوایـدا ئەڕوات. لەم کـاتەدا قەلەڕەش لەسـەر درەختێـک دەردەکەوێ و کە ئەوان ئەبینێـت بە ڕێگـای دەسـتەچەپدا ڕۆیشتن،ئەیکات بە قیرەقیر و هاوار)

**قەلەڕەش**: قـا..ڕ.... قـا....ڕ.... بەو ڕێگـایەدا مەڕۆن بگەڕێنەوە، ئەو ڕێگایە مەترسیدارە.. نا سودی نییە.. نە ئەوان لە زمانەکەی من تێدەگەن و نە منیش لە زمـانی ئەوان. (لە چـاو ون دەبێت، فەرماندەی تـایبەتی کۆشـک و گەورەی ڕاوێژکـاران و کۆمەڵێک سەرباز کە سەربازێکی پیریان تیایە، دەردەکەون).

**فەرمانـدە**: دەی ئەو بەفـرانە لابەرن، خێـراکەن قـردێڵەی تـرم نەبینی، ئەترسم ڕێگاکەم ون کردبێت.

گەورەی ڕاوێژکـــاران: نەخێـــر، ڕێگامـــان ون نەکـــردووە، ئەوەتـانێ ئەمەش بەڵـگە بـۆ قـسەکەم (قـردێڵەکە دەبینێـت بە دارەکەوە)

**فەرمانـدە**: وەڵـڵا خـۆ ڕاسـت ئەکەیت.. (بـۆ سـەربازەکان) دەی ڕێگاکە پاک بکەنەوە. ڤڕڕڕڕ.. ئای کە هەواکەی ساردە. پڕ بە دڵ حەزم ئەکـرد فەرمانـدە نەبوومـایە و سـواڵکەرێک بوومـایە، بەو شەرتەی ئێستا لە ماڵەوە بوومایە و لای ئاگردانەکەوە قۆرییەک چـای گەرمـیش لە بەردەممـدا بـوایە و دیـژلەمە لەسـەر دیـژلەمە هەڵمقوڕاندایە.

(لەم کــاتەدا شــازادە خــاتوون و پرۆفیــسۆر و نــوێنەرانی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و پاسەوان دەردەکەون. هەموویـان یەکی سـەبەتەیەکیان بە دەسـتەوەیە، سـەبەتەکەی خـاتوون ئـاڵتوونە و هــی ئەوانــی تــر ئاســاییە، پیرێــژنیش ســەبەتەیەکی گەورەی حەسیری پێیە)

**خـاتوون**: (بە پرۆفیسۆر) باشـە ئێـوە پێتـان وتـم کە دارسـتان پڕی لە ئاژەڵی دڕندەیە، ئەی کوا هیچ نابینم؟

**پرۆفیسۆر**: شازادە خاتوون، ئێستا ئەوان نووستون.

**خاتوون**: جا خۆ جارێ دنیا تاریک نەبووە.

**پرۆفیـسۆر**: شـازادە، هـی وایـان تیـایە لە پاییزەوە دەخەوێت و بەهار خەبەری ئەبێتەوە.

(یەکێک لە سەربازەکان پاڵتۆکەی دائەکەنێت و فڕێی ئەداتە لایەکەوە. شازادە ئەمە ئەبینێت)

**خاتوون**: پرۆفیسۆر، ئەرێ تۆ تێم بگەیەنە.. ئێمە خەریکین لە سەرمانا ڕەق ئەبینەوە، کەچی ئەو سەربازە پاڵتۆکەی داکەند.. ئەمە یەعنی چی؟

**پرۆفیسۆر**: (کە لە سەرمانا هەڵئەلەرزێت) شازززززا...دە، ئەوە ئیش ئەکات و ئەجووڵێت و سووڕی خوێنی چالاک بووە.

(سەربازەکە ناوچەوانیشی کە ئارەقاوی بووە، دەیسرێت)

خاتوون: شتێکی سەیرە (سەربازەکە بانگ ئەکات).. سەرباز.

**سەرباز**: بەڵێ، خاوەن شکۆ.

**خاتوون**: ئا وەرە (سەربازەکە بە پەلە دەچێت بۆ لای و سڵاوی بۆ دەکات).. پێم بڵێ بۆچی ناوچەوانت سڕی.

**سەرباز**: شازادەی خاوەن شکۆ، بمبوورە، زۆر گەرمام بوو و ئارەقم کردەوە.

**خاتوون**: ئارەق؟! ئارەق چییە؟

**سەربازە پیرەکە**: شازادە، ئەوە شتێکە هەر ئێمەی عەوام ئەیزانین.

**خاتوون**: تۆش ئارەقت کردۆتەوە؟

سەربازە پیرەکە: بەڵێ، لەبەر ئەوەی بێڵا و خاکەناز بەکار ئەهێنم.

**خاتوون**: گوێتان لێ بوو؟! دەی هەر کەسە و بێڵێک یا خاکەنازێک بە دەستیەوە بگرێت.

(شازادە نازانێت چۆن خاکەنازەکە بە دەستەوە بگرێت)

سـەربازە پیـرەکە: شـازادە، وا نـاگیرێ، بەمجـۆرە بیگـرە بە دەستتەوە.

**شازادە**: باشە (کەمێک ئیش ئەکات و ماندوو ئەبێت).. هەر بە ڕاسـتی ئەمە مـرۆڤ مانـدوو دەکـات. ئـارەقم کـردەوە. دەی بـا بڕۆین... لە کام ڕێگاوە بڕۆین؟

**پیرێـژن**: شـازادەی شـکۆدار، کـچەکەم قـردێلەکەی بەو دارەوە بەستووە، کەواتە ئەبێ بەو ڕێگایەدا بڕۆین.

**فەرماندە**: شازادە خاتوون، وای بە باش ئەزانم بەرلەوەی دنیا تاریـک بێـت و بەفربـارین دەسـت پێبکـاتەوە، بگەڕێیـنەوە بـۆ کۆشک.

**خـاتوون**: گـوێ بگـرن، تـا سـەبەتەکانتان پـڕ نەبێت لە گـوڵ و قارچک و گوێز و هەڵووژە، کەس چاوی بە کۆشک ناکەوێتەوە.

**پرۆفیـسۆر**: یەعنـی ئیتـر بەتەمـا نەبـین چاومـان بە کۆشـک بکەوێتەوە!.

**خاتوون**: دەی بکەونە ڕێ (ئەڕۆن).

## دیمەنی-٢-

(دەریاچەیەکی بچووک، بەفر دەورەی داوە، کیژۆڵە بەرەو دەریاچەکە دەچێت، بەڵام کچەکە لە دوایەوە هەڵئەخلیسکێت)

**کچەکە**: هەرچییەک ئەکەم پێت ناگەمەوە، نازانم چۆن ئەتوانیت وا بە ئاسانی بە ناو ئەم بەفرەدا بڕۆیت! من توانام نەما، خەریکم ئەمرم.

**کیژۆڵە**: تۆ خۆت حەزت بەمە بوو.. جارێ لە کوێتە!. خراپتریش بەڕێوەیە.

**کچەکە**: نا، توخوا وا مەڵێ، مەمترسێنە.

**کیژۆڵە**: ناتترسێنم، ڕاستیت پێ ئەڵێم. ئێستاش بە قسەم بکە، بگەڕێرەوە و بەوانیش بڵێ با بۆ ئێرە نەیەن، چونکە تووشی بەڵا ئەبن.

**کچەکە**: تازە ئەترسم بگەڕێمەوە، یا گورگ ئەمخوات، یان شازادە لە سێدارەم ئەدات. زۆرمان ماوە؟

**کیژۆڵە**: نا، هەر چوار مانگێک.

**کچ**: تۆ خۆت دوێنێ گوڵەکانت هێنا، بۆ وا ئەڵێیت و ئەمترسێنیت؟ ئای خوایە، دایکم و شازادە و سەربازەکان زوو

بگەن، هەرچۆنێک بێت ئەوان بێن، باشترە. (لەوکاتەدا دەنگی سەربازەکان دێت کە نزیک بوونەتەوە) ئۆخەی، وا گەیشتن.

**سەربازە پیرەکە**: (دەرئەکەوێ و چاوی بە کیژۆڵە دەکەوێت). ئەوە تۆیت کیژۆڵەی جوان، وا هەمدیسان لەم دارستانەدا یەکترمان بینییەوە، جاری پێشوو ئەمانزانی بۆچی هاتووین، تۆ هاتبوویت چیلکەوچەواڵ کۆ بکەیتەوە و منیش هاتبووم دار ببڕمەوە. بەڵام ئێستا کەس نازانێ بۆچی هاتووین و بۆ کوێش ئەچین. بە دوای شتێکەوەین کە کەس نازانێ چییە؟

**کیژۆڵە**: وا چاکترە بگەڕێنەوە، ئەمە ڕێگایەکی ترسناک و پڕ مەترسییە.

**سەربازە پیرەکە**: ڕاست ئەکەیت تەنانەت ئەسپەکانیش حەزناکەن لەوە زیاتر بڕۆن، بەڵام بە ناچاری ئەبێ لەسەر ڕۆیشتن بەردەوام بین. ئەی ئەم کچە کێیە لەگەڵتدا؟

**کچەکە**: من خوشکیم.

**سەربازە پیرەکە**: ئەی ئەگەر خوشکیت، بۆچی یەکێک لەو ڕەفتانەی سەری خۆتی نادەیتێ؟ تۆ سێ ڕەفتەت بە سەرەوەیە، بەڵام ئەو بەسەزمانە سەری ڕووتە.

**کچەکە**: منیش سەرمامە، تۆ واز لەو قسانە بێنە. شازادە و ئەوانی تر کوان؟

**سەربازە پیرەکە**: ئەوانیش ئێستا دێن (ڕوو لە کیژۆڵە ئەکات) هانێ ئەم دەستکێشانەی من لە دەست بکە، دەستەکانت لە سەرمانا سوور هەڵگەڕاون.

(لەودیو درەختەکانەوە دەنگ دێت) ئەم ڕێگایەیە، خۆیەتی، وریا بن ئەوە دەریاچەکەیە.

**پیرێژن**: (بەر لە هەموویان دەردەکەوێ) ئای خوایە! خۆ ئەوە **دەریاچەکەیە**. ئێستا بۆم دەرکەوت چەند زیاتر درۆ بکەیت ئەوەندە زیاتر قسەکانت دێنە دی. ئەوە جانەوەرە دڕندەکەش لێرەیە، ئەو ئەزانێت گوڵەکان لە کوێدا ئەڕوێن.

**خاتوون**: (دەردەکەوێ) لەوە ئەچێ گەیشتبین. (بە پیرێژنەکە) جانەوەرەکە ئەو کیژۆڵەیەیە؟ من وام دەزانی شتێکی بڵح و ناشیرینە، بەڵام ئەم کیژۆڵەیە زۆر ناسک و جوانە، ئادەی جلی گەرم و جوانی بۆ بێنن با لە بەری بکات، خۆ شتێکی وای لە بەردا نییە.

(پاسەوانەکان ئەڵێن: بەسەرچاو شازادە، دەچن جلی گەرم جوانی بۆ ئەهێنن و ئەویش لە بەری ئەکات)

**خاتوون**: ئێستا چەند جوانتر بوویت.

**کیژۆڵە**: زۆر سوپاس شازادە.

**خاتوون**: بەم نزیکانە سەبەتەیەک ئاڵتوونیشت ئەدەمێ لەگەڵ دوانزە دەست جلی گرانبەها و پێڵاوی نایاب. بازنی جوان و ئەنگوستیلەی بریقەدار.

**کیژۆڵە**: شازادە، زۆر سوپاس، من هیچم لە ئێوە ناوێت، بە تەنها ئەنگوستیلەکەی خۆم نەبێت. ئەنگوستیلەکەی خۆمم بدەنەوە.

**خاتوون**: کام ئەنگوستیلەیە؟!

**کیژۆڵە**: ئەوەی کە لەم زرخوشکەمت سەندووە.

**خاتوون**: ئەوە باسی چی ئەکات؟

**پیرێژن**: شازادەی شکۆدار، قسەی هەلەقومەلەق دەکات.

**کچەکە**: خۆشی نازانێ ئەڵێ چی.

**کیژۆڵە**: نەخێر، باش ئەزانم ئەڵێم چی. ئێوە بە منتان وت کە شازادە خاتوون ئەنگوستیلەکەی بردووە، بەڵام دیارە هەر بە خۆتانە.

**پیرێژن**: ئەم قسە هیچانە چییە؟ کام ئەنگوستیلەیە؟!

**خاتوون**: ئادەی ئەو ئەنگوستیلەی بدەنەوە.

**پیرێژن**: (ئەترسێت) شازادەی شکۆدار...پێمان نییە.

**کچەکە**: لە ماڵەوەیە.

**خاتوون**: ئاوا؟ کەواتە بڕۆرەوە بۆ ماڵەوە و بیهێنە.

**کچەکە**: (ئەترسێت) ها؟! نا.. نا.. بزانم لە گیرفانمدا هەڵم نەگرتووە.. (دەست ئەکات بە گیرفانیدا و ئەنگوستیلەکە دەردەهێنێت).. شازادەی خاوەن شکۆ، ئەمەتا.. فەرموو..

**خاتوون**: ئەنگوستیلەیەکی چەند جوانە! لە کوێت بوو؟

**کیژۆڵە**: شازادە خاتوون، بە دیاری دایان پێم.

**گەورەی** ڕاوێژکاران: کێ دای پێت؟

**کیژۆڵە**: ناتوانم پێتان بڵێم.

**خاتوون**: دەی باشە گرنگ نییە. ئەنگوستیلەکەت ئەدەمەوە، بەڵام بەو مەرجەی شوێنی گوڵی حەسرەتم پیشان بدەیت.

**کیژۆڵە**: ناتوانم شتی وابکەم.

**خاتوون**: ئاخر ئەنگوستیلەکەت نادەمەوە. فڕێی ئەدەمە ناو ئەو ئاوەوە، دەی پێم بڵێ ئەو گوڵی حەسرەتانەت لە کوێ بوو. تا سێ ئەژمێرم: یەک... دوو... سێ... (فڕێی ئەدات)

**کیژۆڵە**: (ئەگری) ئۆو.. نا.. توخوا... ئەنگوستیلەکەم..

**خاتوون**: واتزانی بە ڕاستی فڕێم دا، فڕێم نەداوە، بەڵام ئەمجارە پێم نەڵێیت، بە ڕاستی فڕێی ئەدەم. پێم ئەڵێیت؟

**کیژۆڵە**: (بێدەنگە).

**خاتوون**: ئادەی ئەو جلانەی کە پێمان دابوو لێی بسەننەوە.

**کچ**: با ڕەق بێتەوە لە سەرمانا.

**پیرێژن**: هەر شایەنی ئەوەیە.

**پرۆفیسۆر**: شازادە خاتوون، ئەو کارە لە ئێوە ناوەشێتەوە. تکایە شتی وای لەگەڵدا مەکەن و ئەنگوستیلەکەشی بدەنەوە.

**خاتوون**: تۆ بۆ بەرگریی لێ ئەکەیت؟ تۆ هەقت نەبێت. بۆ دواجار لێت ئەپرسم شوێنی گوڵی حەسرەتمان پێ ئەڵێیت یان نا؟

**کیژۆڵە**: نەخێر ناتوانم.

**خاتوون**: دە کەواتە ئەوە خۆت و ئەنگوستیلەکەت (توند فڕێی ئەداتە ناو ئاوەکەوە)

**کیژۆڵە**: (خێرا ڕادەکات و ئەم شتانە دەڵێت)

ئەنگوستیلەی بچووک و جوان

با بێن بۆ لام

بەهار، هاوین، پاییز، زستان

**خاتوون**: یەعنی چی؟ ئەوە ئەڵێ چی؟

(له پڕێکدا بەفرێکی زۆر دەست بە بارین دەکات. ئەبێت بە کڕێوە. هەموو ئەترسن و هانا بۆ یەکتر ئەبەن)

**پیرێژن**: کچەکەم لە کوێیت؟

**کچەکە**: خۆشم نازانم لە کوێم دایە.

**دەنگەکان**: با بڕۆینەوە..

-دەی ئەسپەکان ئامادەکەن...

-گالیسکەکان کوان....

-ئەی هاوار بە ماڵم تازە هەموومان تیاچووین.

(ئەمە ماوەیەک ئەخایەنێت و ئینجا لە ناکاوا بەفربارین و کڕێوەکە دەوەستێت و ئەبێت بە بەهار دارەکان و سەر زەویەکە سەوز ئەبن و باڵندەکان ئەخوێنن)

**خاتوون**: (حەپەساوە) ئای خوایە! ئەوە خۆ بەهارە!

**پرۆفیسۆر**: مەحاڵە!

**خاتوون**: تۆ هەر ئەوە ئەزانیت بڵێیت مەحاڵە، سەیرکە، دارەکان سەوزبوون.

**گەورەی راوێژکاران**: ئەی ئەو گوڵانە چین؟

**خاتوون**: ئای!! ئەوە خۆ گوڵی حەسرەتن. ئەوە ئومێدەکەم هاتە دی. (لەخۆشیدا هەڵبەز و دابەز ئەکات) ئەی ئەو کچە کوا؟

**پیرێژن**: رای کرد.

**خاتوون**: تازە ئیتر ئیشم بەو نییە. خۆم گوڵە حەسرەتەکانم دۆزییەوە. تەماشای ئەم هەموو گوڵە بکەن. (بە خۆشحاڵییەوە ئەمسەر و ئەوسەر ئەکات).

**پیرێـژن:** شـازادە خـاتوون، ئەو نـاوەش قارچـک و گـوێز و هەڵووژەی لێیە، پێم نەوتیت لای دەریاچەکەوە هەموو ئەو شتانە هەن؟

**کچەکە:** شازادە، درۆمان لەگەڵدا نەکردیت.

(وردە وردە ئەبێت بە هـاوین. دەنگی زەردەواڵە و زیکەزیکی کوللە ڕەشەکان و هتد..)

**فەرماندە:** ئەی هاوار، کولاّم لە گەرما.. ئەرێ ئەوە خۆ بـوو بە هـاوین! وەڵلاهـی خەریـکە لە گەرمانـا ئەخنکـێم (پـاڵتۆکەی فـڕێ ئەدات).

**خاتوون:** ئەوە چییە؟! بوو بە هاوین!

**پرۆفیسۆر:** مەحاڵە.

(هەموو پاڵتۆ و چاکەت دادەکەنن و دادەنیشن تا بحەسێنەوە)

(پـاش کەمێـک هەورەبروسـکە و گـرمەی هەور دێـت، ئینجـا باران دەبارێت. دەبێت بە پاییز)

**خاتوون:** فەرماندە، ئا چەترێکم بۆ پەیدا بکە.

**فەرمانـــدە:** شـــازادە خـــاتوون چەتـــر لە کـــوێ بێـــنم؟ کە لە کۆشکەوە هاتین چلەی زستان بوو، ئێستاش پاییزە.

**پرۆفیسۆر:** مەحاڵە.

**خـاتوون:** لە حـوکمی ئـێمەدا سـاڵ و مانـگ نیـیە، کەی وتمـان بەهار بێت، ئەبێ بێت، کەی وتمان هاوین، ئەبێ بێت... پرۆفیسۆر سەری لێ تێکداوین بەم حیساب و کیتابانەی.

(وردە وردە دنیا تاریک ئەبێت. بایەکی توند هەڵدەکات)

**خاتوون**: (باوەش بە دارێکدا ئەکات) خێرا خۆتان ئامادەبکەن با بگەڕێینەوە بۆ کۆشک.

(سەرلەنوێ بەفر دائەکاتەوە)

**خاتوون**: ئای! ئەوە خۆ بووەوە بە زستان!

**سەربازە پیرەکە**: شازادە خاتوون تۆ باران تەڕی کردبوویت، ئێستاش ئەو هەوای بەفرە لێت بدات ڕەق ئەبیتەوە.

(لورەی گورگ دێتە گوێ)

**خاتوون**: وەکو بزانیت ئەوە گڤەی بایە؟

**سەربازە** پیرەکە: نەوەڵڵا شازادە، ئەوە لوورەی گورگە.

**خاتوون**: وا نەڵێیت؟! کەواتە تا زووە با بڕۆین.

**پیرێژن**: شازادە خاتوون، چەندم وت مەیە بۆ دارستان.

**کچەکە**: هەمووی گوڵی حەسرەت وای لێ کرد.

**خاتوون**: ئێوەش ئاڵتوون وای لێ کردن، بەو شێوەیەش قسەم لەگەڵدا مەکەن (ڕوو لە سەربازە پیرەکە دەکات) ئەوە ئەوانی تر کوان؟

**سەربازە پیرەکە**: جگە لە من و جەنابی پڕۆفیسۆر کەسی لێ نەماوە، هەموو لە ترسان و لە سەرمانا ڕایانکردەوە بۆ کۆشک.

**خاتوون**: یەعنی بە تەنیا جێیان هێشتم؟ زۆرچاکە، با بگەڕێینەوە بۆ کۆشک، خۆم ئەزانم چییان لێ ئەکەم، بەڵام تۆ بڵێی جارێکی تر کۆشک ببینمەوە؟ لە سەرمانا خەریکم ڕەقهەڵێم.

(پیرێژن و کچەکەشی لەسەر کۆتەرە دارێک دانیشتوون).

**پیرێژنەکە**: تازە ڕزگاربوونمان لێرە زەحمەتە.

**کچەکە**: تازە ون بووین.

**پیرێژن**: ئای قاچم تەزی.

**کچەکە**: ئای دەستم تەزی.

**سەربازە پیرەکە**: ئادەی بێدەنگ بن، وا یەکێک بەرەو ئێرە دێ.

(پیرەمێردێکی بالآبەرز، پالْتۆیەکی خوریی سپیی لەبەردایە، دێت، مانگی ڕێبەندانە، سەیری ئەملاولای ئەکات و بە قەدی دارەکاندا ئەکێشێت، سمۆرەیەک لە دارێکیانەوە پەیدا ئەبێت، ڕێبەندان دەستی لێ ڕادەوەشێنێت، سمۆرەکە ڕادەکات. ئینجا شازادە و ئەوان دەبینێت و بەرەو ڕوویان ئەچێت)

**ڕێبەندان**: ئازیزان، چی ئێوەی گەیاندۆتە ئێرە؟

**خاتوون**: (بە خەفەتەوە) هاتین گوڵی حەسرەت بچنین

**ڕێبەندان**: بەڵام ئێستا وەرزی گوڵی حەسرەت نییە!

**پرۆفیسۆر**: (کە لە سەرماندا هەڵدەلەرزێت) وتم مەحاڵە.

**خاتوون**: باشە، بەڵام ئێستا چۆن بگەڕێینەوە.

**ڕێبەندان**: لەو ڕێگایەوەی کە لێوەی هاتوون.

**خاتوون**: دە باشە، یارمەتیمان بدە و ڕزگارمان بکە، دوایی پاداشتت دەکەم. ئاڵتوونت ئەدەمێ.

**ڕێبەندان**: من پێویستم بەپاداشت نییە. من خۆم خاوەنی زۆر شتم،پێم بڵێن چیتان ئەوێ بۆتان بکەم؟

**خاتوون**: من تاقە شتێک بمەوێ ئەوەیە کە بگەڕێمەوە بۆ کۆشکەکەم. گالیسکەی سەر بەفرم پێیە، بەڵام هیچمان نییە گالیسکەکە ڕابکێشێت.

**ڕێبەندان**: ئەو کارەت بۆ جێبەجێ ءکەم (ڕوو لە پرۆفیسۆر ئەکات) ئەی تۆ چیت ئەوێ؟

**پرۆفیسۆر**: من ئەمەوێ هەموو شتەکان بچنەوە شوێنی خۆیان،زستان بۆ زستان، هاوین بۆ هاوین، ئێمەش بۆ ماڵی خۆمان.

**ڕێبەندان**: بە سەرچاو (ڕوو لە سەربازە پیرەکە ئەکات) ئەی تۆ چیت ئەوێ مام سەرباز؟

**سەربازە پیرەکە**: وەڵڵا من هیچم ناوێ ئەوە نەبێت ئاگرێک هەبێت لەپاڵیدا گەرمم بێتەوە.

**ڕێبەندان**: ئەوە داوایەکی ئاسانە و وابزانە جێبەجێ کراوە.

**کچەکە**: من و دایکیشم پاڵتۆی خوریمان ئەوێ.

**پیرێژن**: بۆ داوای شتی تر ناکەیت چەتیو؟

**کچەکە**: ئێستا پاڵتۆمان پێویستە، وا ڕەق بووینەوە. خوای ئەکرد لە پێستەی سەگ ئەبوو.

**ڕێبەندان**: (لە ژێر پاڵتۆکەیدا دوو پێستەی سەگ دەردەهێنێت) ئەوە دوو پێستەی سەگ بۆ ئێوەش.

**پیرێژن**: قوربان ببوورە، کچەکەم ئەو قسەیەی لە دەم دەرچوو، ئێمە شتی ترمان ئەوێت.

**ڕێبەندان**: تەواو، تازە ئەو داوایە ناگەڕێتەوە. دەی بیکەنە بەرتان.

**پیرێژن**: (بە کچەکەی خۆی ئەڵێت). چەتیوی ناشیرین، هەمووی خەتای تۆ بوو. دەبا هیچ نەبوایە داوای پێستەی سمۆرەت بکردایە.

**کچەکە**: خۆت ناشیرینیت، ئەی بۆ زووترپێت نەوتم، دەی بیکەرە بەرت بزانم لێت دێت.

**پیریێــژن:** ڕەزات خــواتەوە، لە خــۆت دێــت. هەر لە ســـەگیش ئەچیت.

**کچ:** وەڵڵا خۆت لە سەگ ئەچیت.

(پێـستە ســەگەکان لەبەر ئەکەن و دەنگیـان بە دەنگـی ســەگ ئەگۆڕێت و خۆشیان ئەبن بە سەگ و ئەوەڕن)

**خاتوون:** (بە سەربازەکە) نەیەن گازمان لێ بگرن.

**سەربازە پیرەکە:** (لقی دارێکی وشک لێ ئەکاتەوە) نا، شازادە خەمــت نەبێــت، ئەمــانە هەر بــۆ ئەوە باشــن گالیـسکەی ســەر بەفرەکە ڕابکێشن. ئیتر خەمی گالیسکەکەشمان نەما.

**پرۆفیسۆر:** بە ڕاستی ئەوە قسەیەکی بەجێیە.

(سەربازەکە هەردوو سەگەکە بە گالیسکەکەوە دەبەستێتەوە)

سەربازەکە: دەی خاتوون سەرکەوە (خاتوون سەردەکەوێت)

**ڕێبەنــدان:** دەی ئومێدەوارم ســەفەرەکەتان هەم خــۆش و هەم ســـەلامەت بێــت (بە ســـەربازەکە) لەولاتــرەوە ئــاگرێکی گەورە کــراوەتەوە، لە پێـشدا خۆتـان گەرم بـکەنەوە، ئینجـا بـکەونەڕێ. خواتان لەگەڵ.

## دیمەنی-٣-

(لە ناوەڕاستی دارستانەکەدا ئاگرێکی گەورە کراوەتەوە و هەر دوانزدە مانگە براکە و کیژۆڵەی دارستان بە دەوری ئاگرەکەدا دانیشتوون، مانگەکان بە نۆرە چیلکەوچەواڵ فڕێ ئەدەنە ناو ئاگرەکەوە)

**گوڵان**: دەی ئاگرەکە بسووتێ...
گەرمیمان پێ ببەخشە...
بە ئێمە، بە درەخت و گژوگیا...
بە نەمام و گەڵا.

**هەر دوانزدەیان**: ئاگرەکە گەشە بسێنە
نەمر بە و بۆمان بمێنە

**ڕێبەندان**: (بە کیژۆڵە) دەی میوانی ئازیزمان، تۆش چیلکەوچەواڵ فڕێدەرە ناو ئاگرەکەوە.

**کیژۆڵە**: (باوەشێک چیلکە ئەبات و فڕێی ئەداتە ناو ئاگرەکەوە)
ئاگرەکە گەشە بسێنە
نەمر بە و بۆمان بمێنە

**ڕێبەندان**: کچم، لەوە دەچێ گەرمات بێت، کوڵمەکانت سوور هەڵگەراون.

**ڕەشـەمێ:** شـتێکی سـەیر نیـیە، چـونکە ئەو لە نـاو بەفـر و سەرمایەوە یەکسەر هاتۆتە بەر ئەم ئاگر و گەرمایە.

**کیـژۆڵە:** گرنـگ نیـیە، گرنـگ ئەوەیە مـن لەگەڵ ئێـوەدا دڵـم خۆشە.

**ڕێبەندان:** ئێمەش ئەمە ئەزانین و تۆمان خۆشدەوێت.

**کیژۆڵە:** زۆر سوپاستان دەکەم. ئێوە تا ئێستا دووجار ژیانی منتان ڕزگار کردووە و من خەجاڵەتم، چونکە ئەنگوستیلەکەتانم لێ ون بوو..

**گوڵان:** (دەستی نوقاندووە) ئادەی بزانم هەڵی دەهێنیت.. چی لە دەستمدایە؟

**کیژۆڵە:** ئەنگوستیلەکە؟!

**گوڵان:** ئافەرین، هەڵت هێنا، هـانێ بیکەرەوە پەنـجەت، هەمیشە گەرمت دەکاتەوە و لە تەنگانەدا فریات ئەکەوێت.

**کیــژۆڵە:** ئـای کە خۆشـحاڵم بە دۆزیـنەوەی ئەنگوسـتیلە شیرینەکەم، پێشتر لام خۆشەویست بوو، بەڵام ئێستا لە جاران زیـاتر خۆشـم دەوێت، بەڵام ئەترسـم کە چـوومەوە بـۆ مـاڵەوە، دیسان لێم بدزنەوە.

**ڕێبەندان:** نا، هیچ مەترسە، چونکە ماڵەوە کەسـی لـێ نابێت تـا لێت بدزێت، لەمەودوا خۆت کەیبـانووی مـاڵ ئەبیت و ئێمەش بە نۆرە سەردانت ئەکەین.

**جۆزەردان:** دێین بۆ لات و دیاریی جوان جوانت بۆ ئەهێنین.

**ڕەزبەر:** ئـێمە هەمــوو ئەوانەمــان خۆشــدەوێت کە ئێمەیــان خۆشدەوێت.

**گەلارێزان**: باخی ماڵەکەت پڕ ئەکەین لە درەخت و گوڵ و میوەی هەرچوار وەرزەکە.

**ڕێبەندان**: (دەچێت و سندوقێک ئەهێنێت).. ئەم سندوقەش بۆ تۆ.. نابێ بە دەستی بەتاڵەوە بچیتەوە بۆ ماڵەکەت.

**کیژۆڵە**: نازانم چۆن سوپاستان بکەم.

**ڕەشەمێ**: وا چاکترە سندوقەکەش بکەیتەوە و بزانیت چیی تیایە، چونکە لەوانەیە ئەو شتانەت بە دڵ نەبێت کە بۆمان داناویت.

**گوڵان**: ئەمەش کلیلی سندوقەکە، فەرموو بیکەرەوە.

**کیژۆڵە**: (دەرگای سندوقەکە ئەکاتەوە و یەک بە یەک سەیری دیارییەکان ئەکات. پاڵتۆی خوری، کراسی ئاوریشم، پێڵاوی ناسک و جوان و کۆمەڵێک شتی تر). ئای کە جوانن! تەنانەت شازادە خاتوونیش شتی وا جوانی نییە.

**ڕەشەمێ**: حەیفە بەو پێڵاوە جوانانەوە بە ناو ئەم دارستانەدا بڕۆیت، ئێستا داوا ئەکەم گالیسکەیەکی نایابت بۆ بێنن (چەپڵە لێدەدات و هاوار ئەکات) ئادەی دۆستانی دارستان، گالیسکەیەکی جوان و باشمان بۆ بێنن.

(ڕێوی و کەروێشک و سمۆرە گالیسکەیەکی جوان دەهێنن و دەڕۆنەوە)

**قەلەڕەش**: (بە سەرداریکەوە) ماشەڵڵا لەو گالیسکەیە جوانە! بەڵام دوو ئەسپی نوقسانە.

**جۆزەردان**: ئەسپەکان لەسەر من (چەپڵە لێ ئەدات) دۆستانی دارستان، خێرا دوو ئەسپی باشمان بۆ بێنن.

(ڕێوی و کەروێشک و سمۆرە و ئەسپەکانیش دەهێنن، مانگە براکان لە دەوری گالیسکەکە کۆدەبنەوە و ئەسپەکانی پێوە ئەبەستن، لەم کاتەدا دەنگی وەڕینی سەگ دێت)

دەنگی سەربازە پیرەکە: دەی خێرا بڕۆن سەگەکان. کە گەیشتینەوە کۆشک ئێسقانی باشتان ئەدەمێ.

**دەنگی پرۆفیسۆر**: ئەرێ ئەم سەرمایە چییە! ئەم سەگانە زۆر خاون.

**دەنگی خاتوون**: خێراکەن تا ڕەق نەبووینەتەوە.

**کیژۆڵە**: ئەوە دەنگی شازادە و پرۆفیسۆر و سەربازە پیرەکەیە، بەڵام ئاخۆ ئەو سەگانەیان لە کوێ پەیداکردووە؟

**ڕێبەندان**: سەبرکە، دوایی ئەزانیت لە کوێ پەیدایان کردوون، ئادەی براکانم چیلکەوچەواڵی تر فرێبدەنە ناو ئاگرەکەوە، چونکە بەڵێنم بەو سەربازە داوە بێت خۆی گەرم بکاتەوە.

**کیژۆڵە**: باپیرە ڕێبەندان، ئەو سەربازە پیرە تا بڵێی پیاوێکی میهرەبانە.

**گەڵاڕێزان**: بەڵام ئەو سەربازە پیرە هەر خۆی نییە.

**نەورۆز**: (لە ناو لقی دارەکانەوە سەیر دەکات).. ڕاست ئەکات پیاوێکی پیری تر و کچێک و دوو سەگیشن.

**کیژۆڵە**: ئەو پیاوە پیرەش پیاوی چاکە.

**ڕێبەندان**: ئەویش قەیناکا، بەڵام ئەی ئەوانی تر؟... ئەو کچە لەوە ئەچێت خۆبەزلزان و کینە لە دڵ بێت.

**کیژۆڵە**: لەوانەیە پێشتر وا بووبێت، بەڵام ئێستا حاڵی زۆر خراپە، گوێت لە دەنگی نەبوو؟ تەواو غەمبار و بێئومێد بوو.

(سەربازە پیرەکە لەپێشدا دەگات)

سەربازە پیرەکە: ئەمەش ئاگرەکەیە، سڵاو لە هەمووتان. ڕێم ئەدەن خۆم گەرم بکەمەوە؟

**ڕێبەندان**: فەرموو، فەرموو دانیشە و خۆت گەرم بکەرەوە.

**سەربازە پیرەکە**: (ڕێبەندان ئەناسێتەوە) ئەوە خۆشت لێرەیت؟! بە ڕاستی ئاگرێکی خۆشە! بەڵام تکام وایە ڕێگە بدەن ئەو ڕێبوارانەش کە لەگەڵمدان بێن تا ئەوانیش خۆیان گەرم بکەنەوە.

**ڕێبەندان**: بانگیان بکە، با بێن.

**سەربازە پیرەکە**: شازادە خاتوون، پرۆفیسۆر، فەرموون وەرن خۆتان گەرم بکەنەوە.

**خاتوون**: ناتوانم بجوڵێمەوە، وەرە یارمەتیم بدە. (سەربازەکە ئەچێت و لەگەڵ پرۆفیسۆردا لەسەر گالیسکەکە دایدەگرن و بەرەو لای ئاگرەکە دێن... سەگەکانیش بە دوایاندا دەچن و لە دوورەوە خۆیان گەرم دەکەنەوە)

**کیژۆڵە**: مەترسن، لە ئاگرکە نزیک ببنەوە، تا گەرمتان بێتەوە.

(سەربازە پیرەکە و خاتوون و پرۆفیسۆر و سەگەکان هەموو دەنگی کیژۆڵە دەناسنەوە و بە سەرسوڕمانەوە هەموویان سەیری دەکەن)

**خاتوون**: (ڕوو ئەکاتە سەربازەکە) ئەڵێم، با لێرە بڕۆین.

**سەربازە پیرەکە**: شازادە خاتوون، تۆ هەموو گیانت بەستوویەتی، پێویستە بە باشی خۆت گەرم بکەیتەوە، دوایی ئەڕۆین (سەیری ئەسپەکان و گالیسکەکە ئەکات) ماشاڵڵا لەم

گالیسکە و ئەسپانە. تەنانەت لە کۆشکیشدا گالیسکە و ئەسپی وا جوانمان نییە. ئەوە هی کێن؟

**ڕێبەندان:** ئەوە هی کیژۆڵەی دارستانن.

**کیژۆڵە:** ئەوە دیاریی ئەم برا ئازیزانەن بۆ من.

**سەربازەکە:** پیرۆز! پیرۆز! (سەگەکان بە ئەسپەکان ئەوەڕن) بێدەنگ ناشیرینانە.

**کیژۆڵە:** ئەڵێی پێشتر دەنگی ئەو سەگانەم بیستووە، بەڵام لە کوێ؟ نازانم.

**ڕێبەندان:** لەوانەیە دەنگیانت بیستبێت..

**سەربازەکە:** ئەی لە یەک ماڵدا لەگەڵیاندا نەدەژیایت؟

**کیژۆڵە:** کوا؟ ئێمە لە ماڵەوە سەگمان نەبوو.

**سەربازەکە:** چۆن؟ ئەی نایانناسیتەوە؟ باش لێیان وردببەرەوە.

(کیژۆڵە لێیان نزیک ئەبێتەوە و لێیان وردئەبێتەوە و ئەیانناسێتەوە)

**کیژۆڵە:** ئۆو... ئەوە ئەوانن..!

**خاتوون:** وریابە گازت لێ نەگرن.

**کیژۆڵە:** نا لەوە ئەچێت کەمێک لە جاران باشتر بن. ئەی ئەمانە ئیتر بۆ هەتاهەتایە بە سەگی ئەمێننەوە؟

**ڕێبەندان:** مەرج نییە. با سێ ساڵ وا بن و لە ماڵەوە ڕایانبگرە و پاسەوانیشییان پێ بکە. ئەگەر دوای ئەو سێ ساڵە باش بوون، ئەوا لە جەژنی سەری ساڵێکدا بیانهێنەوە، تا بیانکەینەوە بە بنیادەم.

**کیژۆڵە:** ئەی ئەگەر ڕەفتاریان باش نەبوو؟

**ڕێبەندان**: ئەوسا سێ ساڵی تریان بۆ تازە ئەکەینەوە. (ڕوو لە سەربازەکە و پرۆفیسۆر و خاتوون و کیژۆڵە ئەکات). وا بزانم ئیتر کاتی ئەوە هاتووە خواحافیزی لە یەک بکەین.

**خاتوون**: بەڵام بەم گالیسکەیەی خۆمان و بەم سەگانە ساڵێکی تریش ناگەینەوە کۆشک.

**ڕێبەندان**: باشە، ئەتوانیت تکا لە خاوەنی ئەو ئەسپانە بکەیت کە بە گالیسکەکەی ئەو بڕۆنەوە.

**خاتوون**: من تکا لەو بکەم؟ چۆن شتی وا ئەبێت؟

**ڕێبەندان**: کەیفی خۆتە.

**سەربازەکە**: شازادە خاتوون، قەیچێکا ئەگەر داوای ئەوەی لێ بکەیت؟

**خاتوون**: ئاخر من هەر فێربووم فەرمان بدەم. هەرگیز تکام لە کەس نەکردووە، جگە لەوە من پاڵتۆکەم لێ سەندەوە و ئەنگوستیلەکەشیم فڕێدا.

**پرۆفیسۆر**: بەڵام ئەو کچێکی میهرەبانە، من دڵنیام ئەگەر داوای ئەوەی لێ بکەیت، داواکەت ڕەت ناکاتەوە.

**خاتوون**: باشە (ڕوو لە کیژۆڵە دەکات) کیژۆڵەی ئازیز گوێ بگرە، بەو گالیسکەیەی خۆت بمانبەرەوە بۆ کۆشک، لەوێ پاداشتی بەنرخت ئەدەمێ.

**کیژۆڵە**: سوپاس شازادە خاتوون، هەموو شتێکم هەیە و هیچم لە ئێوە ناوێت.

**خاتوون**: ئەها، نەموت داواکەم ڕەت دەکاتەوە؟

**ڕەشەمێ**: بەڵام خاتوون ئەوەی تۆ داوا نەبوو، فەرمان بوو.

**خاتوون**: ئەی بڵێم چی؟

**سەربازەکە**: شازادە خاتوون، بمبوورە، بەڵام ئەبێ باسی پاداشت نەکەیت و پێی بڵێیت: کیژۆڵەی میهرەبان یارمەتیمان ئەدەیت، ئێمە لەگەڵ خۆتدا بەریتەوە؟

**خاتوون**: بەڵێ، باشە، (ڕوو لە کیژۆڵە ئەکات) کیژۆڵەی میهرەبان یارمەتیمان ئەدەیت ئێمە لەگەڵ خۆتدا بەریتەوە؟

**کیژۆڵە**: بەسەرچاو شازادە خاتوون. بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە من پاڵتۆی گەرمیشم پێیە لە ناو سندوقەکەمدا. حەز ئەکەن ئەوانیش لە بەر بکەن و بە دیاری پێشکەش بە ئێوە بێت.

**خاتوون**: زۆر سوپاس، لە جیاتی ئەو پاڵتۆیە من دوانزە...

**پرۆفیسۆر**: (قسەکەی پێ ئەبرێت) نەیڵێیت بەقوربانت بم.

**سەربازەکە**: دەی باشە با لەوە زیاتر دوانەکەوین... خۆتان ئامادە بکەن با بڕۆین، خۆم گالیسکەکە لێ ئەخوڕم (هەموو خۆیان ئامادە ئەکەن)

**ڕێبەندان**: ئاگاتان لە خۆتان بێت، ئەسپەکان زۆر تیژڕەون. (خواحافیزی لە یەک ئەکەن)

**کیژۆڵە**: مانگە ئازیزەکان، ماڵئاوا من هەرگیز ئێوە لە یاد ناکەم.

**خاتوون**: منیش هەوڵ ئەدەم لە یادتتان نەکەم.

**پرۆفیسۆر**: نا، من ئەیانهێنمەوە یادت.

**مانگەکان**: خواتان لەگەڵ.. خواتان لەگەڵ..

**قەلەڕەش**: خواتان لەگەڵ.

**کیژۆڵە**: گوڵانی ئازیز... خواحافیز..

**گوڵان**: خواحافیز کیژۆڵەی جوان.. خۆت حازرکە بۆ میوان.
(دەنگی زەنگوڵەی گالیسکەکە دێت و دوور ئەکەوێتەوە)
(هەردوانزە مانگەکە بە دەوری ئاگرەکەدا کۆدەبنەوە و دوای ئەوە چیلکەوچەواڵی تێ فڕێ ئەدەن)
**هەموویان**: ئاگرەکە، گەشە بسێنە
نەمر بە و بۆمان بمێنە...

**کۆتایی**
٢٠١٣/٦/٢١